# سوكرات ..

# ژیانێك یەكسان بەفەلسەفە

ئەندریە كریستۆن

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە: ئەمین بۆتانی



سوكرات لەكاتی خواردنی ژەهرەكەدا

و: ئەمین بۆتانی

**سەرەتا:**

## هێزێك لە دۆخی پەرتەوازیدا..

لە ڕاستیدا سوکرات هیچ شتێکی نەنووسیوە و بەرهەمی نووسراوی لە دوای خۆیدا بەجیٚ نەهێشتووە, بەلاٚم بەگوێرەی پارچەیەك لە نووسینێکی فایدۆن , سوکرات لە دواساتەکانی تەمەنیدا کە لە زیندان دا بووە و چاوەڕیٚ ی مەرگی کردووە و خۆی بە نووسینی (سروودێك بۆ ئیپۆلۆن) و هۆنینەوەی ئەفسانەکانی ئیزۆپ خەریك کردبوو, لەوانەیە یەکێك لە ئەفسانەکان بۆخۆی دایناب‌یٚ , سروودەکەش بە گوێرەی گێڕانەوەی دیۆجین لایرس ئاوا دەستپێدەکا : "ئەی ئەپۆلۆن دلۆس , دیان هەروەها تۆش , من سلاٚوم هەیە بۆتان ئەی هەردوو کوڕە دیار و لێهاتووەکە ".




ئەفسانە کۆنەکەش بەم وشانە دەستپێدەکا : "ئیزۆپ ئەنجومەنی پیرانی کۆرنتۆسی ڕاسپارد کە ڕاو بۆچونەکانی میللەت نەکاتە پێوەری چاکەمەندی". بەلاٚم دیۆجین لایرس تەواو دڵنیا نییە سەبارەت بەم بابەتە, ئێمەش دەبێت بەناچارییەوە ملکەچی دۆخێکی ئاوها بین. لەبەرئەوەی یەك ڕستەمان لەبەر دەستدا نییە بتوانین لێی دڵنیا بین کە بەدەستی سوکرات خۆی نووسراوە یان لە بەرهەمەکەی هەڵێنجراوە .

لەلایەکی دیکەوەش, هەندیٚ فەیلەسوف هەن, سەرەتا و پرانسیپی ڕەفتار دەڵێنەوە, کەچی لە ڕەفتاری خۆیاندا پەیڕەوی ناکەن , بەلاٚم سوکرات وا نەبو, سوکرات بۆ بیروباوەڕەکەی خۆی ژیا و لەهەمان کاتدا ڕایگەیاند و بانگەشەی بۆ کرد , بەجۆرێك کە ڕەفتاری سوکرات لە ژیاندا , فۆرمێك بوو لە ڕاڤە و میناکی واقیعی بیرۆکەی خۆی , تا ئەو ڕاددەیەی دەتوانین بڵێین ژیانی سوکرات گرنگترین شتە لە تێکڕای بەرهەمەکانی .. بۆ ئەوەی قۆناغە بەرچاوەکانی ژیانی سوکراتمان بۆ دەربکەویٚ , ناچارین مەودای دوور و درێژی بۆ تەرخانبکەین, بەلاٚم لێرەدا دوو کێشە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە :

١.لە بەرئەوەی سوکرات هیچ شتێکی نەنووسیوە, چۆن و بە چ ئاڕاستەیەك کاربکەین بۆ زانینی ژیان و کەسێتی و فەلسەفەکەی؟

٢.لەبەرئەوەی ژیان و فەلسەفەی سوکرات زۆر بەهێز لەگەڵ یەکدا یەکانگیرن , چۆن ئارگۆمێنت و بەڵگەکان بگێڕینەوە و بە پێی توانا خۆمان لە جوینەوە و دووبارەکردنەوەی ب‌یٚ کەڵك بە دوور بگرین؟

ئەوەی زانراوە ئەوەیە ژیان و گفتو گۆ و فەرموودەکانی سوکرات بەلای زۆر لە هاودەم و خوێندکارانی شتگەلێکی گرنگ و بایەخداربوون , تا ئەو ڕادەیەی ئەوان لایەنە بەهادارەکانی ژیانی سوکراتیان بۆ گێڕاوینەتەوە و بەشە بنەڕەتیکانی قسەکانیشیان بۆ گواستوینەتەوە , ئەمانە بەڵگە و دەکیۆمەنتی گرانبەهان و دەکریٚ کاری لەسەر بکەین , بەلاٚم ڕەخنەی ورد و زیرەکانەی دەویٚ .

دیۆجین لایرس لە کتێبەکەیدا دەربارەی ژیانی سوکرات دەگێڕێتەوە کە دوای مەرگی فەیلەسوف , دە خوێندکار بەدیکران ناوی (سوکراتیەکان)یان لە خۆیان نا, بەلاٚم ئەفلاتون و زەینەفۆن و ئەنتیستین ی تیا نەبو, خوێندکارەکان ئەمانە بوون:ئەسشین, فایدۆن, ئەریستیپ, کریتۆن, سیمۆن,

گلۆکۆن, سیمیاس, سیپیس و مینیدیم . لەنێو ئەم فەیلەسوفانەدا نووسین و دانانی گفتو گۆ لە ئارادا بو و سوکراتیش لەو گفتو گۆیە دانراوانەدا ڕۆڵی سەرەکی پێ دەبەخشرا , لەو گفتو گۆیانە تەنها ئەوانەی ئەفلاتوون و زەینەفون ماون و گفتو گۆی ئەوانی تر بێجگە لە چەند بڕگەیەکی کەم هەمووی لە ناو چووە...

ئەگەر بڕوا بە دیۆرجین لایرس بکەین , زەینەفۆن دەبێتە یەکەمین کەس ئەو بابەتانەی پێشکەش بکات کە لەشێوەی شیکردنەوە و شرۆڤەکاریی کۆی کردبوونەوە , لەلایەکی تر یەکەمین بیرۆکەی گێڕانەوەی فەرمایشتەکانی سوکرات بۆ سیمۆن دەگەڕێنرێتەوە , یان لەوانەیە ئەسشین لە هەمووان سەرکوتوو تر بێ لەم بوارە کە بەوە تاوان بار کرا دەستی بەسەر ئەو گفتو گۆیە زۆرانە داگرتووە , کە بەدەستی سوکرات خۆی نووسراوە و گوایە کسانتیپ ی بێوەژنی سوکرات داویەتیە دەست ئەسشین .. ئەمانە هەمووی گریمانەی بێ بناغەن و زیاتر نزیکن لە وڕێنە و خەیاڵ , تەنها ئەو بەڵگانەی بتوانین پشتیان پێ ببەستین هەندێ لە گفتو گۆکانی ئەفلاتوون و بەرهەمەکانی زەینەفۆنە لەگەڵ هەندێ بەڵگەی لابەلای تر.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا , لێرە کێشەیەك سەر هەڵدەدا , کە ڕاییکردنی یەکجار ورد و قورسە . ئەویش ئەوەیە : پلەی متمانە کردن بە تێکستەکانی ئەفلاتوون و زەینەفۆن چەندە , تاوەکو لە ڕێگایانەوە کەسێتی هزر و بیری سوکرات بناسین؟

بابەتێك هەیە بە تەواوی هاوکۆکی لەسەرە :ئەو کەسەی ئەفلاتوون وێنەی دەکێشێ بێگومان کەسێکی ئایدیالییە, ئەفلاتوون بەم شێوەیە بۆمان باس لە سوکرات دەکات بۆ بێگەرد ڕاگرتنی ڕۆحە کۆچکردووەکەی , بۆ ئەوەی لە شێوەی قوربانییەکی بێ گوناهی دەستی چەپەڵێتی بە شەرییەت پیشانی بدات , ئەوەش بۆ بەرز ڕاگرتنی شۆرەت و دیارکردنی پلەو پایەی , بەڵام ئەو مەبەستەی ئەفلاتوون ڕێگامان لێناگرێ , ئەوانەی بۆمان دەگوازێتەوە ئێمە بەناڕاست و قەڵبی بزانین , لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین ڕاستییان تێدا نییە.

ئەوەندەی پەیوەستە بە فەلسەفەی سوکرات , پێویستمان بە ژیری و دانایی زۆر هەیە , لە بەرئەوەی بێگومان لە نێو گفتو گۆکانی ئەفلاتووندا , ژمارەیەك گفتو گۆ هەیە چارەسەری هەندێ بابەت دەکەن کە سوکرات هەرگیز خۆی لێ نەداوە و لەوانەیە هەر بە خەیاڵیشیدا نەهاتبێ , ئەوە بە مەبەستی داڕشتن و بڵاوکردنەوەی هزر و بیری ئەفلاتوونیانە بووە , بەڵام هەندێ گفتو گۆ دەشێ پێیان بوترێ گفتو گۆی سوکراتیانە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو. لەگەڵ ئەم دوو جۆرەش, گفتو گۆ هەن وەکو تێکەڵەیەك لەنێوان هزری سوکراتی و هزری ئەفلاتوونی . بۆ نموونە ناکرێ ئێمە گفتو گۆی لە جۆری(فیلیپ – سۆفیستی – تیمی و پرمنید) سوکراتینە لە قەڵەمیان بدەین.

ئەمانە هەمووی بەرهەمی پێگەیشتن و پیرێتین لای ئەفلاتوون, بەپێچەوانەشی بۆ چوونەکان هاوڕان کە(برۆتاگۆراسی – ئەیۆن – بەرگری سوکرات – کریتۆن – ئۆتیفرۆك – شەرمید – لاشیسی – لیزیس – کۆمار کتێبی یەکەم یان تراسیماك – ئیپیاس ی یەکەم و دووەم)هەمووی گفتو گۆی سوکراتین . ڕەخنەی نوێش ئەلسیپیاد ی یەکەم و دووەم ڕەتدەکاتەوە و بە قەڵبی دەزانێ بەڵام مێژوونووسەکان تەبانین لەگەڵ ئەم بابەتە و پێیانوایە ئەو گفتو گۆیانەی(گریمان)لای ئەفلاتوون نین هەر سوود و بایەخی هەیە, لەبەرئەوەی ئەم گفتو گۆیانە شێوازێکی تەواوی سوکراتیانەیان هەیە و دیسان بواری ئەوەشی هەیە ئەو هزر و بیرانە شەن و کەو بکەین کە هاکەزایی خراونەتە پاڵ سوکرات. هەروەها ئەو گفتو گۆیانەی دەربڕین لە دیدی ئەفلاتوونیانە دەکات هەر بارگاوی دەمێننەوە بە دیدو هزری سوکراتی .

بەرهەمە نووسراوەکانی زەینەفۆن کە گفتو گۆی سوکراتیانەی تیایە چوارن:(بەرگری سوکرات – چەند یادگارییەك لەبارەی سوکرات – فەرمایشتە بەجێکان و ((خوانێك)) هاوشانی (خوان)ەکەی ئەفلاتوون و لەکۆتاییشدا دانراوێك بەناوی ئابووریگەر, بگرە و بەردەیەکی دژوار لەسەر ئەم بەرهەمانە کران لە ڕووی نرخ و بەهای مێژووییەوە , هەتا هەندێ لە ڕەخنەگرەکانی ئەڵمان ئەوەیان خستە ڕوو کە زەینەفۆن سوکراتی نەناسیوە و قوتابی بەردەستی ئەویش نەبووە, بەڵام ڕەخنەگرێکی بلیمەتی وەکو(أ – و – م – کرۆزی)دیدێکی بەروڤاژی هەیە و دەڵێ ئەم تێکستانە لای ئێمە بەڵگەنامەی هەرە بڕوا پێکراون بۆ دیاریکردنی کەسێتی سوکرات و فەلسەفەکەی , ئەوانەی ڕەخنەشیان هەیە بەجۆرێك لەسەر حەقن , لەبەرئەوەی بێگومان ئەو گفتو گۆیانەی زەینەفۆن دەیانگوازێتەوە , تەواو بەو شێوەیە نین

که دەیانگێڕێتەوە , یادەوەریەك بەو ئاستە نییە هەموو قسەو گوتارە سوکراتیەکان وەکو خۆی بپارێزێ و ئەزبەر بکات .. دیسان ئەو هزر و بیرانەی ئەفلاتوون بۆ سوکراتی دادەڕێژێ و دەهۆنێتەوە زۆر جار قوڵتر و بەرزتر بووە لەوەی زەینەفۆن دەیگوازێتەوە , بەڵام ئەفلاتوون زیاتر لە تەدارەکەی شیعر نزیك دەبێتەوە , بۆیە زەحمەتە بەدڵنیاییەوە گەواهیەکەی وەربگیرێ , زەینەفۆن بەپێچەوانەوە هەندێ پاکێتی و ڕاستگۆیی و خۆ بەدوور گرتن لە نرخاندنی کەسێتی لا هەیە , ئەمەش متمانە بۆ گەواهییەکەی پەیدا دەکات .. لەوانەیە باشترین ڕوخساری سوکرات لەمیانی گفتو گۆکانی ئەفلاتووندا ببینین . بەڵام لەوانەیە بەڕێگایەکی باشتر زنجیرەی هزر و بیرەکانی سوکرات لەمیانەی تێکستەکانی زەینەفۆن بناسین .. بەڵام ئەم دەقانە هەمووی بەیەکسانی کەڵکی بەکارهێنانیان نییە .. بە گوێرەی بۆچوونی أ — و — م کرۆزی , دەبێ کتێبی ((ئابووریگەر))ی زەینەفۆن وەلانێین , لە بەرئەوەی پێناچێت ئەو بەرهەمە بیروڕای ڕاستەخۆی سوکرات لە خۆ بگرێ , هەروەها زۆر پێدەچێ گێڕانەوەیەکی کورتی ئەو ئەزموونەی ژیانی زەینەفۆن بێ کە ساڵانێك لە دێهاتەکانی لاکۆنیا لە ناوچەی سایۆنتا دەمێنێتەوە, ئەو شوێنەی لاکۆدینییەکان پێیان دابو و ئەویش تیایدا کەنار گیربووبوو , لەوانەیە بەشەکانی سەرەتایی ئەم کتێبە کاریگەری بیر و هزری سوکراتیانەی بەسەرەوە بێ کە ئامۆژگاری کە بیانووەکانی ماڵان دەکات و هانیان دەدات ڕێك و پێکی بپارێزن , هۆشداریشی تیایە دژی مەیخواردنەوە و هامشۆ خواهی ساختە و نابەدڵ... هتد . بەڵام ئەگەر بێین و پرسیار لە سوکرات بکەین کە خۆی شارنشینێکی کەللە ڕەقە , ئایا وەڵامی شێوازەکانی جووتکردن و کێڵان و چاندن و کشت و کاڵی و بەخێوکردنی مەڕوماڵاتی دەدایەوە کە((ئابووریگەر))دڵی بۆیان ئەکرێتەوە؟

لەگەڵ ئەوەشدا سوکرات قسەیەك ناکا ئیللا بۆ گواستنەوەی گوفتارەکانی مرۆڤێك نەبێ کە ناوی(ئەسکوماك)ەوە خاوەندار و جووتیارێکی بەناوبانگە .. بەڵام ((خوانێك))ی زەینەفۆن سەرنجدانێکی گەورە تری گەرەکە , لەبەرئەوەی چەندین لایەنی ڕاستەقینەی وێکچوون هەیە لە نێوان ئەم دەقە و ((خوانێك))ی ئەفلاتوون , لەوانەیە زەینەفۆن لاسایی ئەفلاتوونی کردبێتەوە بە هەندێ هەڵەیشەوە . بەڵام بەخێرایی ئەوەوە بەڕێگایەکی باشتر هەندێ وردەکاری ژیان و کەسێتی سوکرات دەزانین , دیسان ئاگاداری ئەو کەشەش دەبین کە باڵی بەسەر بەزم و ڕابواردنەکاندا کێشابوو , نەخاسمە لای مرۆڤێکی دەوڵەمەند.


زەینەفۆن

کە ئاهەنگ بۆ سەرکەوتنێکی خۆی سازبکات و چاوچنۆکی لە خواردن و خواردنەوەدا نەکات و دەستیشی کراوە بێ بۆ ئەو لێبوکانەی شادییان دەخستە دڵی ئامادەبوانەوە، ئەمە مۆزیکژەن و سەماکەرە ئەکرۆپاتەکانیشی لە سەخاوەت و بەدیی خۆی نقوم کردبوو .. لەوانەیە ئەم قسەوباسانە تەواو جیاوازییان هەبێ , بەڵام وا پێدەچێت بە پشتبەستن بەفەرمایشت و گوزارشت و بەڵگە و ئەو گاڵتە و گاپانە داڕێژرابێ کە لەسەر زاری خودی سوکرات هاتبێ و لەوانەشە هەرهی سوکرات بن و ئەم دووبارەی کردبنەوە، ئێمە پێمان خۆشە چاو بە لاپەڕە دڵنیاکەرەوەکاندا بخشێنین کە سوکرات تیایاندا پایە بەرزی خۆشەویستی گیان و دەروون بەسەر خۆشەویستی جەستەدا دیاری و یەکلایی دەکاتەوە .

((بەرگری سوکرات))ی زەینەفۆن سوودی جێگیرکردن و تەواوکاریی ئەو زانیاریانە هەیە کە لە ئەفلاتوونەوە دەستمان دەکەوێ سەبارەت بە ڕووداوەکانی کێشەی سوکرات و ئەو بەڵگەهێنانەوانەی بێگومان بۆ بەریکردن لەخۆی پێشکەشی کردوون , بۆیە بەراوردکردنی هەردوو دەقەکە کارێکی زۆر سوود بەخشە .

گرنگترین تێکستەکانی زەینەفۆن بۆ تێگەیشتن لەفەلسەفەی سوکرات ((فەرمایشتە بەجێکان)) یان ((چەند یادگارییەك لەبارەی سوکرات))ن کە بریتین لە چوار کتێب .. بەشەکانی سەرەتا لەکتێبی یەکەم هەندێ بابەتی هاوشێوە

دەخاتە ڕوو کە لە ((بەرگری))دا هاتووە:سوکرات هەمیشە لەسەر ئایینی دەوڵەت بووە و خوی لاوانی تێك نەداوە , بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە , لەبەرئەوەی بەشە کۆتاییەکانی هەمان کتێب باس لە بوونی ((پەروەدگارێتی)) و میانگیری و ئابڕومەندی دەکات ..

کتێبی دووەم, ڕەخنەکردنی خاو و خلیسکی لە خۆ دەگرێ لەگەڵ هاندانی سوکرات بۆ ئەمبرۆکلس ی کوڕە نۆبەرەکەی خۆی لەسەر وەرگرتنی هەر شتێك پێویست بکات دەرهەق بە کسانتیپ ی دایکی . دیسان وەکو هەوڵێك بۆ لەیەکتر نزیکخستنەوەی نێوان شیریفۆك و شیریکرات کە هەردووکیان دوو برای دژ و ناتەبا بوون , هەروەها هەندێ بنەماش لەمەڕ برادەرایەتی و هەڵبژاردنی برادەری تیایە لەگەڵ شێوازی تاقیکردنەوەیان و ئامۆژگاری پراکتیکی ئاڕاستە کراو بۆ ئەو کەسانەی لە دۆخی پەشۆکاوی و پەستی و شڵەژاندان .

کتێبی سێیەم, هونەری سەربازی دەخاتە ڕوو و جەخت لە سەر گرنگی کارامەیی لەهەر بابەتێکدا دەکات , بەتایبەتی لای ئەو کەسەی دەیەوێ ببێ بە ڕابەر , لێرەدا هەموو نرخەکانی زانین و دادان و خستنە دڵ دەبینرێ بۆ وەرگرتنی ڕەفتاری چاك , هەروەها ئاماژەش بەدی دەکرێ بۆ پەیوەندیەکانی نێوان جوانی و کەڵك و سووی پەیکەرسازیی و توانستەکانی بۆ گوزارشت کردن و دەربڕین , لەکۆتاییشدا ئامۆژگاری بۆ سۆزانییەك هەیە لەبارەی فریودان و دەستپێوەگرتنی عاشقەکان ..

کتێبی چوارەمیشی, وتووویژی یەکجار گرنگ لەخۆ دەگرێ لەگەڵ ئۆتیدیم و ئیپیاس , کە سوکرات لەوێ سووره لەسەر بەپێویست زانینی ناسینی خود و بوونی پەروەدگارێتی و بەهای میانگیریی و میرخاسی و لەبەرچاوگرتنی ئەو سنورانەی دەبێ پابەندییان پێوە بکرێ لە میانەی گەڕان و لێکۆڵینەوە بەدوای زانستدا ...

دوورکەوتنەوە و جیاوازی ڕوون و ئاشکرایە لەم هەموو وردبونەوە زۆر هەمەچەشنەدا , هەندێ لە گفتو گۆیانەی زەینەفون کۆی کردوونەتەوە پووچ و داتاشراون , بەڵام سەرەڕای ئەوە جۆرێکن لە گفتو گۆ , دەربڕینێك لە هزرەکانی سوکرات دەکەن, لەبەر ئەوەی ئەو بنەمایانەی کارکردن دەخەنە ڕوو کە سوکرات پەیڕەوی کردبو.

هەرچۆنێك بێ , ڕێککەوتن لە نێوان ئەو هزر و بیرانەی ئەفلاتوون لە گفتو گۆ سەرەتاکانیدا بۆ ئەرستۆ دەیانگێڕێتەوە زۆر جار گشتی و هەمەکین .

با بەبێ ترس و دڵە ڕاوکی بۆ ئەفلاتوون و زەینەفۆن و نەریتە پارێزراوەکانی لای دیۆجین لایرس بگەڕێینەوە سەبارەت بە ژیانی سوکرات و جۆری بیرکردنەکەی , تاوەکو بەبیرمان بێتەوە کە سوکرات خۆی تووشی مەندە هۆشی دەبێ بەرامبەر هەوڵە سەرەتاییەکانی ئەفلاتوون ((ئەم گەنجە وام لێ دەکا چەند شت بڵێم کە من هەرگیز بیرم لێ نەکردبێتەوە!))باشە سوکرات چی دەگوت ئەگەر بەرهەمەکانی ئەفلاتوونی تاق پێگەیشتن و کاتی پیریەتی بخوێندایەتەوە ...؟

ئەوانەی باسمان لێوە کردوون و خستومانەتە ڕوو , لەڕاستیدا کۆمەڵێك ئارگومێنت و بەڵگەن کە لەچاو هەندێ بەڵگە و دەکیومەنتی تر بەهێزترن بۆ بەدیار خستنی کەسێتی سوکرات و هزرەکەی ..

**ژیانی یەکەمین شەهیدی ئازادی:**

**هاوتا بوونی گوفتار و کردار:**

دوو فاکتەر هەن دەبنە هۆی نانەوەی تەوژمومژو لێڵی نەناسینەوە ژیانێك : نەبوونی و کەمی بەڵگەنامەی جێگیرو دڵنیا, زاڵبوونی ئەفسانە و میتۆلۆژیا بەسەر ڕووداوەکاندا, ئێمە بە هۆی فاکتەری یەکەم ئاگاداری ژیانی پاشا بەراییەکانی حەبەشە نین , لەبەر فاکتەری دووەمیشی ئەستەمە بتوانین ژیانی مۆلۆسمان بۆ ساغ بێتەوە .

کە بمانەوێ ژیاننامەی سوکرات بنووسینەوە, لەبەر هۆکاری دووەم هزر و بیرمان دەشڵەژێ, فەیلەسوفێك نییە ناو و شۆرەتێکی گەورەتری لە دوای خۆیدا بەجێ هێشتبێ,

کەسێك نییە بە ئاستێکی گەورە بووبێتە مایەی سەرنجڕاکیشان بە درەوشانەوە و متمانەی زۆرەوە , بەڵام ئەفسانە بەسەریدا زاڵ بووە و بەڵگە ڕاست و چەوتەکانی لێ کۆبۆتەوە .

ئەفلاتوون و زەینەفۆن و دیۆجین لایرس سەرچاوەی هەرە گرنگمان دەخەنە بەردەست , بەڵام دەبێ وریای ئەو گێڕانەوە تەقلیدیانەی لای دیۆجین لایرس بین , لەبەر ئەوەی دیۆجین لایرس لە ساڵی (٢٤٠ ی دوای زایین) بەرهەمەکانی خۆی نووسیوە کە دەکاتە زیاتر لە شەش سەدە دوای مردنی سوکرات , بۆیە نابێ قسە و گەواهیەکانی کاریان پێ بکرێ

ئەگەر بە وریایی و لێکدانەوە زۆر نەبێ .. ناچارین پەنا بۆ کردەیەکی ژمێریاری ببەین , بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە دایکبوونی سوکراتمان بۆ بە دیار بکەوێ .. تێکستەکان تەبان لەسەر جێگیرکردنی ساڵی لە دایك بوونی سوکرات کە دەکاتە (٣٩٩ ی پێش زایین) و ناچارکراوە ژەهر ب خواتەوە بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانێکی ستەمکارانە .. ئەمەو کۆدەنگێك هەیە سەبارەت بە مێژووی کۆچکردنی کە دەڵێ:سوکرات ئەو کاتە لەتەمەنی حەفتا و یەك ساڵیدا بووە , بەمەش بۆمان ساغ دەبێتەوە کە سوکرات لەساڵی (٤٧٠ ی پێش زایین)لە دایکبووە , بەڵام بەبێ ئەوەی ڕۆژ و مانگی لەدایکبوونەکەیمان بۆ دیاربێ , هەر چەندە ئەفلاتوونییەکان ڕاهاتبوون یادگاریی سوکرات لە ڕۆژی شەشەمی مانگی تارگیلیۆن زیندووبکەنەوە , کە دەکاتە کۆتایی نیسان یاخوود دەستپێکی ئایار ..


ئەفلاتوون

ئەوەی دیارە ژیانی سوکرات هەمووی لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین کۆتایی دێ , کە بەسەردەمێکی هەرە بەپیت و بەرهەمداری شارستانێتی گریکی ناسراوە و بەتایبەتی ئەسینی , سوکرات هاودەمی ((بیرکلیس)) بووە کەهەتا ساڵی (٤٢٠)ژیاوە .. سوکرات بۆی هەڵکەوتووە گوێ لە تراژیدیا گەورەکانی سۆفۆکلیسی و ئۆرپیپیدیس بگرێ , لە نزیکەوە ئەریستۆڤانی ناسیوە و پەیوەندی بە تینی لەگەڵ ئەلسیپیاددا هەبوو, کە ئەفلاتوون تۆماری کردووە و یادەوەرییەکانی بە زیندوویی هێشتۆتەوە .. لەوانەیە قسە و تێکەڵاویی لەگەڵ پرمنیدیش دا هەبووبێ کە فەیلەسوفێکی ئەو سەردەمە بووە , بەهەر حاڵ سوکرات ناودارترین بیریارەکانی ئەو سەردەمەی خۆی ناسیوە وەکو: ئەناکساگۆر – کراتیل ی شاگردی هیراقلیت , لە سۆفیستەکانیش نموونەی پرۆتاگۆراس , ئیپیاس , پرۆدیکۆس و گۆرجیاس , لەگەڵ هەندێ زانای ماتماتیك و ئەستێرە ناس و سروشت کە سەروەری کەلتووری هللینی ئەو سەردەمە بوون .

دەزانین کە باوکی سوکرات ناوی (سفرونیسك)بووە و وەکو پیشە پەیکەر ساز بووە , وەکو نەریتێکیش لەوانەیە سوکرات ئەم پیشەیە لە باوکی فێر بوو بێت ودیۆجین لایرس بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:((دۆرس دەڵێ کە پەیکەر ساز بووە و ئەویش پەیکەری((ئێلگراس))ی‌نمایشکاری دروستکردووە کە جلەکانی لەبەردایە لە قەڵای ئەسینا , ئەمەش ڕێگا بۆ تیمۆن خۆش دەکا لە چەند دێڕێکی گاڵتە جاڕدا باسی لێوە بکات و پیایدا هەڵبدا:لەم ئێلگراسەوە ئەم پەیکەر سازە بەدیارکەوت , ئەوەی بیر لە یاساکان دەکاتەوە و یۆنانییەکانی سەرسام کردووە , ئەوە دەجال و گاڵتە جاڕە , ئەو نیو ئەسینیەیە , ئەو مرۆڤە کرێ بن بڕە ))لەوانەیە ئەم تەقلیدە بەشێك لە ڕاستگۆیی تیا بێ ..

سوودی باشترمان پێ دەگا بزانین دایکی سوکرات کە ناوی ((فیناریت))ە پیشەی مامان بووە . لەوانەیە ئەم دۆخە کاریگەرییەکی زۆری کردبێتە سەر مێژووی هزرەکانی , لەبەرئەوەی سوکرات بەتەنگەوەی ئەوە بو خۆی وەکو مامۆستایەکی فێرکار پێشکەش نەکا و نەناسێنێ , بەڵکو وەکو مامانێکی زهنیەتەکان , هەتا یارمەتیدەریان بێ بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لە خودیاندا هەیە , ڕێکەوتێکی سەیر لە دواییدا دەبێتە هۆی پێکەوە نانی ڕێچکە بڕاوا ناودارەکانی ئەفلاتۆن کە دەڵێ:مەعریفە شتێك نییە تەنها ئەوە نەبێ کە ((وەبیرهێنانەوە))یە و ئێمە بەبێ ئەوەی درکی پێ بکەین و بیزانین , لەگەڵ لە دایکبوونماندا هەندێ چەمك و مەفاهیم لەگەڵ خۆمان دەگوازینەوە . باشە ئەگەر ((فیناریت)) مامان نەبوایە , ئەم بیر و بڕوایە بەم شێوە سەیرە پەرەی دەسەند !.

سوکرات لە تاف لاویدا لە کام ڕۆشنبیری شتی وەرگرتووە ؟ ئەمە پرسیارێکە تاوەکو ئێستاش تەمتومانی بەسەرەوەیە . سەرەڕای دەستکورتی ماڵباتەکەی , بەڵام بێگومان ئەویش ئەو شتانە فێربووە کە هەر لاوێکی ئەسینی ئەو سەردەمە فێری دەبوون . ئەمە نابێتە مایەی سەرسوڕمان بۆمان , لەبەرئەوەی بارودۆخی زۆری یارمەتیدەر هەبوون بۆ بڵاوبوونەوەی مەعریفە و هەموو شتێك خراپ نەبووە لە سایەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەوسای ئەسینا کەلەسەر

بەكۆيلەكردنی (بەربەر)ەكان ڕاوەستابو , ئەوسا كۆيلەكان هەموو كارێكی قورسيان ئەنجام دەدا و لاوە ئازادەكانی گريكيشی هيچيان لەسەر نەبو و تەنها كاتی خۆيان بە خۆشی بەسەر دەبرد و خۆيان بۆ مەشق و ڕاهێنانەكانی هونەر و زانست و هزر تەرخان دەكرد , ئەمەش لە ئەسينا زياتر لە برەودا بوو لەبەر زۆری ئەو مامۆستايانەی ڕوويان تێ دەكرد و لە بواری هەمە چەشن دا پسپۆرييان هەبو , ژمارەيەكی زۆر لە قوتابيان ناچار دەبوون پارە بدەن لە بەرامبەر فێربوون , لەنێويشياندا هەبوون ڕاستەوخۆ و بێ بەرامبەر سوودی لە وانەكان دەبينی , يان بەشێوەيەكی نا ڕاستەوخۆ بەڕێگای گفتو گۆ و دانوستان لەگەڵ ئەو قوتابيانەی ئامادەی هۆڵی وانە گوتنەوە دەبوون .

دانوستانەكانی ئەفلاتۆن و((فەرمايشتە بەجێكان))ی زەينەفۆن , وێنەيەكمان دەدەنێ كە لەوانەيە ئاستە مامناوەندەكە بناسێنێ , لەبەر ئەوەی سوكرات فێر بو , بەر لەوەی خۆی تەرخان بكات بۆ فێركردنی كەسانی تر , ئەمەو هەموو گەنجە نێرينەكان لە ئەسينا, لەسەر وانەی تەكنيكی پێش وەختە ئامادەكراو ڕادەهێنران و فێردەكران تاوەكو جەنگاوەرێك بۆ نيشتمان پێ بگەن! مەشقی لەش و جەستە , ڕاهێنانی سەربازی لەسەر ئاستی بەرز , سيستمێكی ڕەفتارمەندی, سروود و مارشی جەنگ بە جۆرێك كە دڵگير بێ و گيانی هەڵمەتبازی هان بدات, بێجگە لەوەش ژمارەيەكی زۆری لاوان مەشقيان دەكرد بۆ كێبەركێی عەرەبانەكان , هاويشتنی لوولەك و ڕم و زۆرانبازی بەهەموو جۆرەكانيەوە, هەندێكيش خەونيان بەو تاجانەوە دەبينی كەبۆ هەڵبەستڤانان دانرا بوون , لەگەڵ دانەرە تراژيدياگەر و كۆميدی و گەپساز و گوتار بێژان ..

بێگومان سوكرات دوو مامۆستای فەيلەسوفی دەبێ , لەم بارەيەوە ئەگەر بڕوا بە ديۆجين لايرس بكەين , لەوانەيە سوكرات قوتابی ئاناكساگۆر بووبێ , دوای ئەوەی كە ئەم مامۆستايەی ناچار دەكرێ بەبڕيارێك ئەسينا بەجێ بهێڵێ , لەوانەيە ئەرستۆ هاتوچۆی قوتابخانەی ئاركيلاوس ی فيزياگەری كردبێ , ئەمە هەمووی گێڕانەوەی مايەی گومان لێكردنن , بەڵام بەدڵنياييەوە گوێی لە هەموو سۆفيستەكان گرتووە , لەگفتو گۆكانی ئەفلاتۆن , ئەوە دووبارە دەكاتەوە كە قوتابی پرۆديكۆس بووە , بێگومان ئيپياس و پرۆتاگۆراس و گۆرجياس ی ناسيوە , هەروەها ئەنتيگۆنيش , كەئەفلاتۆن و زەينەفۆن بير و بڕوا و گۆت و بێژی ئەوانيان بۆ گواستوينەتەوە .. بادان بەوەدا بنێين كە زانياريەكانمان لەبارەی گەنجێتی سوكرات كەم و كورتی تيايە , يان ئايا زانياری باشترمان هەيە دەربارەی پيری سوكرات؟ هەموو گەواهيدەرانی ژيانی سوكرات لەسەر دوو پرس كۆكن :

يەكەم , سوكرات ژنی هێنابوو, هەندێك ئاماژەی ئەوەيان كردووە كە دووجار ژنی هێناوە .

شتێكی ڕاست:سوكرات ژنێكی هەبووە ناوی كسانتيپ بووە وەكو ژنێكی هار و تەبيعەت خراپ ناوی دەركردبوو. با((خوان))ی زەينەفۆن بخوێنينەوە . ئەنتيستين يەكێ لە قوتابيانی سوكرات بوو, ڕۆژێكيان گوێی لە سوكرات دەبێت كە دەڵێ: "دەشێ زۆر شت لە ژناندا وەدەست بهێنرێ بەڕێگای پەروەردەكردنيان" لێرە ئەنتيستين بە سەرسوڕمانەوە هاوار دەكات:

"ئێ باشە سوكرات ئەگەر ئەمە بۆ چوونی تۆيە؟ بۆچی كسانتيپ فێرناكەی لەجياتی ئەوەی خۆتی لەگەڵدا بگونجێنی , لەكاتێكا ئەو لەو هەموو ژنانە بێ لوتف ترە كەهەن و ئەوانەی كە هەبوون و لەگەڵ ئەوانەش كە دێن"

سوكرات وەڵام دەداتەوە: ," لەبەر ئەوەی من دەبينم ئەوانەی دەيانەوێ لە هونەری ئەسپ سواريدا كارامە و لێهاتوو بن , ئەسپی ڕامكراو و ملكەچ هەڵنابژێرن , بەڵكو بەدوای ئەسپی شەمبۆزدا دەگەڕێن , ئەوانەی قەناعەتيان وايە ئەگەر توانيان ئەو ئەسپە چەمووشە ڕام بكان , پێيان وايە دەتوانن بە ئاسانی ئەوانی تر كۆنترۆڵ بكەن , من ويستم هونەری ژيان لەگەڵ خەڵكدا فێربم لەناو كۆمەڵگا , من كسانتيپم هێنا بەو بڕوايەی ئەگەر توانيم لەگەڵيدا هەڵبكەم, ئەوە دەتوانم بەئاسانی لەگەڵ هەموو خو و ڕەوشتەكان بگونجێم" هەروەها سوكرات سێ منداڵيشی هەبوو , دووانيان هێشتا لەسەرەتای تەمەنياندا بوون كە سوكرات مرد ..

ديسان گەواهيدەرانی ژيانی سوكرات تەبان لەسەر كەمی و خراپی باری گوزەرانی سوكرات ؟

لە كتێبی ((ئابووريگەر))ی زەينەفۆن دا هاتووە كە ئەگەر نرخی كەل و پەلی ماڵەكەی سوكرات بەيەكەوە كۆ بكەينەوە ناكاتە پێنج سەد دەرهەم , كە پارەيەكی يەكجار كەمە , باشە دەبێ چۆن بژێوی خۆی ڕايی كردبێ لەو بارودۆخەدا ؟ بێگومان ديارە بژێوی هەرزان بووە و خۆی و خێزانەكەشی بە

سادەیی ژیاون , لەگەڵ ئەوەشدا دیۆجین لایرس ئاماژە بەوە دەکات و لە (ئەرستۆکسین ی کوڕی سپینتاکس)ەوە بۆمان دەگوازێتەوە کە سوکرات پارەکەی خۆی بە قەرزی سوود بەخش دەدایەوە(سو) , هەر چەند جار پارەکەی خۆیان بۆ بگەڕاندایەوە , ئەو سەرلەنوێ بەقەرز دەیدایەوە . لەلایەکی دیکەشەوە دیمتری بیزەنتی دووپات دەکاتەوە , کریتۆن کە دەوڵەمەند بوو((سوکرات لەسەر دوکان لادەبات و دەیخاتە بەر خوێندن , لەبەرئەوەی بەتوانستە هزریەکانی سەرسام دەبێ)) .

ئەمەو لەگەڵ ئەوەی سوکرات ڕەتی دەکردەوە پارەی کاشی بدات , دەقێك هەیە لە ژیانی ئەریستیپ ی دیۆجین لایرس کە پێ دەچێ سوکرات دیاری شمەکی وەرگرتبێ لە گەنم و خۆشاوی ترێ , هەر چۆنێك بێ هیچ کار و پیشەیەکی دیار و بەردەوام ناویان نەهاتووە سوکرات کردبێتی کە مایە و قازانجی هەبووبێ . هەر ئەمەشە هۆی تووڕەبوونە بەردەوامەکانی کسانتیپ ی خێزانی .

هەروەها دەزانین سوکرات کە لە ئەسینا لە دایك بووە , بەبەردەوامی هەر لەوێ ژیاوە , تەنها سەفەری بۆ دەرەوەی ئەسینا , ڕۆیشتنیی بۆ کۆرنتۆس بووە بۆ ئامادە بوون لە یاریەکانی (بەرزەخی) ..

سوکرات ژیانی خۆی لە گۆڕەپانە گشتیەکان و دوکانی برادەران و لە ڕاڕەو و دالآن و لەژێر سێبەری ستوونی پەیکەرەکان بەسەر برد , تەواوی ژیانی خۆی لە گفتو گۆ و دان و ستان وفەلسەفەدا بەسەربرد .. و ئەگەر بمانەوێ باشتر سوکرات بناسین , با پشت بە گفتو گۆی ئەفلاتۆن ببەستین بە ناونیشانی (خوانەکە).

دیمەنەکە لای ئەگاسۆن دەستی پێکرد , کە لە ئێوارەی ڕابردوو ئاهەنگێکی بە بۆنەی سەرکەوتنی تراژیدیای یەکەمی ساز کرد بو , بۆ ڕۆژی دواتر چەندین برادەری بۆ کۆبوونەوە بانگهێشت کرد , لە نێوانیاندا سوکرات بو کە سەندەلەکەی خۆی لە پێکردبوو ((بۆ پۆشتەیی)) لە بەرئەوەی بۆ ماڵی ((کوڕێکی قۆز)) دەڕوات . گروپەکە لە ئاگاسۆن خۆی و ئەریستۆدیم و بوزانیاس و ئەریستوڤان و ئەریکسیماك و دکتۆر و فیدەر و هەندێکی دی پێکهاتبوو, لە نێو خۆیاندا وا ڕێککەوتبوون مەی نەخورێتەوە , لەبەرئەوەی شەوی ڕابردوو زۆریان خواردبۆوە , دەبوایە هەریەکێك لەوان پیاهەڵدانێك بۆ خۆشەویستی بڵێ , بەمەش زنجیرەیەك گوتاری جوان لەلایەن فیدەر و بوزانیانس و ئەریکسیماك و ئەریستۆڤان کۆبۆوە , سوکرات خۆیشی ڕووداوێکی گێڕایەوە گوایە لەنێوان خۆی و خانمە کاهین دیۆسین دروست بووە , لەو کاتەدا تەقەی دەرگا دێت و کوڕێك دەیکاتەوە(( یەکسەر لە حەوشەکەوە گوێمان لە دەنگی ئەلسیپیاد بو کە فول مەست بو و بە هاوارەکەی هەراوو زەنای گەورەی نابۆوە : کوا ئاگسۆن . بمبەن بۆ لای ئاگسۆن ! لەو کاتە خانمی بلوێرژەن و هەندێ لەکەسانی دەوروبەری, ژێر باڵی ئەلسیپیادیان گرت و بەرە و دەرگای ئەو هۆڵەیان هێنا کە ئێمە تیایدا کۆببووینەوە, ئەلسیپیاد ڕاوەستاو سەریشی بە چەپکە گوڵینەیەکی چڕ لە وەنەوشە و عاشقە و چڵی زۆر ڕازاندبۆوە)) .

سەرەڕای خۆی لە چ دۆخێکدا بو , ئەلسیپیاد لە سەرمێزی مەینۆشان دادەنیشێت و بەسەرخۆشیەوە چیرۆکی سوکراتمان بۆ دەگێڕێتەوە , کە لە تەنیشت سوکرات دانیشتووە واخۆی پیشان دەدات کە لێی دەترسێ . بەڵام سوکرات وەکو وێنەکەیمان بۆ باس دەکات , کەسێکی سێ گۆشە , سرووشتی , ژیر و ڕەوشت بەرز . لەڕاستیدا سوکرات تا بڵێ ی ناشرین بوو, ناشیرین لە شێوەی شووشەیەکی دەڵب و شێواو, بەڵام ئەو وەکو ئەو شووشانە کە گەوهەر و گەنجینایان تێدایە . ((بە هەر حاڵ هاوڕێ ئازیزەکانم , تاوەکو مەدحی سوکرات بکەم پێویستم بەجۆرەها بەراورد کردن هەیە .ئەو وادەزانێ من لەوانەیە مەبەستم یاریکردن بێت, بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە, کە هیچ شتێك ڕێکتر نییە لەوەی دەیڵێم. سەرەتا دەڵێم: "سوکرات لەو قاڵبە سنووقانە دەچێ کە لەکارخانەی پەیکەر سازەکان هەیە و هونەرمەندان لەگەڵ بلوێر و نایدا نمایشی بۆ ساز دەدەن، لە کاتێکیشدا کەدەیکەینەوە و هەردوو پارچەی ناوەوەی لەیەك جیادەکەینەوە, پەیکەری خواوەندی لە ناودا بەدی دەکەین" من سوورم لەسەر ئەوەی کە ئەو بە شێوەیەکی تایبەت لە (ئەلسەتیر مارسیاس) دەچێ, لە شێوەدا ڕێك لە تۆ دەکات سوکرات , وابزانم تۆش هیچ گلەییت لە ڕاستیی ئەم قسەیە نییە)).

ئێمە بەبەردەوام لە مێژووی کۆندا بابەتی ناشیرینی سوکرات دەبینین : سەرێکی ڕووتاوە , نێو چاوانێکی قۆقز , لووتێکی زلی نارێك , بەژنێکی ڕەزا قورس, قەڵەوێکی ورگن,

پەیكەرسازانیش پشتگیری ئەمە دەكەن سەبارەت بەو پەیكەرانەی هی ئەون , هەروەها لە (خوان)ی زەینەفۆن , دەبینین سوكرات بە سوعبەت باس لە ناشیرینی خۆی دەكات.

لەبەشی پێنجەم كێبڕكێ لەگەڵ كریتۆن دەكات لەسەر خەڵاتی جوانی ((دەی بزانم , تۆ ئەوەی زۆر شت لەبارەی بەهاكان دەزانی , ئیسباتی ئەوەم بۆ بكە تۆ لەمن جوانتری , تەنها پێویستمان بە چرایەك هەیە و بەس , با ئێستا كێشەكەیەك لایی بكەینەوە – وەڵام بدەوە – تۆ پرسیارم لێ بكە . پێتوایە جوانی هەر لەمرۆڤدا هەیە , یان لەشتەكانی تریشدا هەیە وەك , ئەسپ , گا . لەشتی بێ گیانیشدا: ئایا ناگوترێ: ئەمە قەڵغانێكی جوانە, ڕمێكی جوانە؟ بەڵام چۆن بۆ ئەم شتانە دەبێ كە لەنێو خۆیاندا بەم ئاستە جیاواز بن لە یەكتری و جوان بن ؟ ئەگەر سروشت یان هونەر وای لێكردن بەكەڵك بێن بۆ ئەو بەكاربردنەی بۆی تەرخانكراون . ئایا دەزانی بۆچی پێویستمان بە چاوەكانمان هەیە؟ وەك دیارە بۆ بینین , ئەگەر وابێ , چاوەكانی من لە چاوەكانی تۆ جوانترن , چۆن؟ لەبەر ئەوەی چاوەكانی تۆ لە هێڵێكی ڕاست نەبێ هیچ نابینن, بەڵام چاوەكانی من لاتەنیشتەكانیش دەبینن لەبەرئەوەی هەڵتۆقی دەرپەڕیون – بە قسەی تۆ بێ سەلتەعون ئەو گیانەوەرەیە جوانترین چاوی هەیە ! – بێگومان لەبەر ئەوەی سروشت دوو بەویش داوە كە هێزێكی سەرسوڕهێنەریان هەیە ! – با وابێ ! بەڵام لووتی تۆ لە لووتی من جوانترە ؟ – لووتی من جوانترە ئەگەر ئەوە ڕاست بێ خواوەند لووتی داوەتە ئێمە بۆ بۆنكردن , كونە لووتی تۆ ڕووەو ئەرزە بۆ خوارەوە , بەڵام كونە لووتی من بەرزە بە شێوەیەك بتوانێ بۆن لەهەر لایەكەوە وەربگرێ . – بەڵام چۆن دەبێ لووتێكی چەماوە لە لووتێكی ڕاست جوانتر بێ؟ لەبەر ئەوەی نابێتە بەربەست و بوار بە چاو دەدات هەر شتێك ببینێ , بەڵام لووتی بەرز دەبێتە بەربەستێك لە نێوانیاندا )).

بەم شێوەیە قسە و باس و گاڵتە و گەپ دەربارەی ئەم بابەتە كلاسیكی‌یە بەردەوام دەبێ:

**ڕۆحێكی جوان لەناو جەستەیەكی ناشیرین دا.**

ئەگەر گریكەكان ئەوانەی جوانیی نێر و گەنج و ڕووتیان خۆش دەوێ , ئەگەر هەستێكی ناسك و باڵایان دەرهەق بەجوانییەكان نەبوایە , بێگومان ئەو كاتە قێزیان لەو جەستە ناشیرینەدەبۆوە ! خودی ئەم جوانیانە ئەلسیبیاد لە پیاهەڵدانەكەیدا ئاماژەی پێدەدات! .

ئەمەو ژیرمەندیی سوكرات بەر لەهەر جوانییەكی تری بەدیار دەكەوێ , ئەو مرۆڤێكە وا ڕادەگەیەنێ كەوا هیچ شتێك نازانێ بێجگە لە هەندێ وردەواڵەی خۆشەویستی , لەگەڵ ئەوەشدا و لەهەموو دانوستانەكاندا, لە كۆتاییدا هەر بەڵگەو قسەكانی ئەو زاڵ و سەركەوتوو دەردەچن , ئەو مرۆڤێكە گوایە فێری ڕەوان بێژی نەبووە و لاف ئەوە لێ دەدات كە لێی بە دوورە , بەڵام كە قسە دەكات و دەم دەكاتەوە , وەكو جادووگەر هەموو خەڵك تووشی سەرسوڕمان و مەندە هۆشی دەكات . لەم بارەیەوە هەروەكو چۆن لەجەستەیدا , چوون یەك و هاوشێوەی ئەلسەتیر مارسیاسە . ((ئەو – مارسیاس – خوڵكی مەندە هۆش دەكرد بەو شتە جوانانەی لە ئامێرەكەیەوە دەریدەكرد . بەڵام تەنها جیاوازی لە نێوان تۆ و مارسیاس ئەی سوكرات ئەوەیە كە تۆ هیچ ئامێرێكی مۆزیكیت نییە , لەگەڵ ئەوەشدا بە قسەكردنە سادەكانت هەمان شتت پێ دەكرێ , كە گوێ لە قسەكەرێكی دی دەگرین , ئەگەر زۆر بەدەم و دووتریش بێ , كەسمان كەمترین كاریگەری ئەومان بەسەرەوە نامێنێ , بەڵام كە گوێ لە تۆ دەگرین , چ ئەگەر خۆت بیت , یان مرۆڤێك تەنها قسەكانی تۆ بگێڕێتەوە, هەرچەندن گێڕەرەوە كەم ئاست بێ لە هونەری گوتاربێژیدا , دەبینین هەموو گوێگرەكان , ژن و پیاو و گەنج , دەكەونە ژێر كاریگەریی قسەكان و پێی مەندە هۆش دەبن .. ئەوەی پەیوەندی بە منەوەش هەبێ هاوڕێیان , ئەگەر ترسم لەوە نەبێ نەك ئەوەی زیادە ڕۆییم پێوە دیاربێ , دانم بەو كاریگەریە مەزنەی قسەكانی بەسەر خۆم دا ئەنا , كە بەردەوامیش ئەو كاریگەریەی هەیە , بە گوێگرتن بۆ قسەكانی , هەست دەكەم دڵم بەهێزێكی توندتر دادەخرۆشێ لەوەی كە جۆشی سەمای كاهینەكان گیرۆدەم بكات , لەبەر ئەوەی وشەكانی فرمێسكم دێنێتە خوارەوە...

لە نزیك ئەم مارسیاسە , موچركەی كاریگەری ئەوم بەسەردا دێت و , دەبینم كە ژیانێك لە شێوەی ژیانەكەی من , شایانی بایەخ نییە!؟ من تەنها بەرامبەر بەودا لە جیهاندا , ئەوەم بۆ تاقی بۆوە كە هیچ كەسێك بڕوا ناكات لە بەرامبەر مرۆڤێكی تر شەرم دامبگرێ)). شەرمێك لە ئەنجامی سەرنەكەوتنم بە ڕاگرتنی تەفرە دانە میللیەكان و شەرمێكیش بەرامبەر میانگیری و بەجەرگیەكەی , لەوانەیە هەندێك بتوانن گومان لەو میانگیری‌یە بكەن , كاتێ ببینن سوكرات دایم هەڵپەیەتی بەدوای گەنجی هەرزەدا , بەڵام ئەلسیبیــــــــاد ئەمەی لە

ئەزموونە تایبەتەکەی خۆیەوە زانیوە , ئەزموونێك سەرخۆشی دەبێتە بیانو بۆی , تەنها ئەگەر هەندێ وردەکاری مەیلداوێنی لێ فڕێ بدرێ .



فایدۆن و کریتۆن

ڕەوشت بەرزی لایان دەگاتە ئاستی کامڵبوون , ئەلسیپیاد ئەمە لە هەر مرۆڤێکی دی زیاتر دەزانێ , خۆی بۆ پێشکەشکرد بە هەموو تەفرەدانەکانییەوە و لەبەرامبەردا نرخی کارەکەی خۆی وەرگرت !.

چۆن هەڤاڵە جەنگاوەرەکانی سوکرات دەستپێوەگرتن و هێزی خۆڕاگری ئەویان لە بەر چاو نییە ؟ ئەلسیپیاد لە شەڕی پوتیدە لەگەڵیدا بو.((ئەلسیپیاد ڕادەگەیەنێ:کەوا سوکرات بۆ ماندووبوون و بەرگەی سەختی , لە ڕووی قایمی و خۆڕاگری نەك هەر بەسەر مندا زاڵ دەبو و دەیبردەوە , بەڵکو بەسەر گشت هەڤاڵکانماندا , ئەگەر هاتنی ئازووقەش دوا بکەوتایە , ئێمە خەممان لێ دەهات و برسێتی تەنگی پێ هەڵدەچنین کە ئەمەش لە زۆربەی شەڕ و شۆڕەکاندا ڕوو دەدات , بەڵام کەس حەددی نەبو تۆز قاڵێك بگاتە ئاستی دان بەخۆداگرتنی ئەو , لەکاتی فراوانی و خۆشییشدا چۆن بە لێهاتوویی بەکاری بێنێ ؟ ئەو وابو حەزی لەخواردنەوە نەدەکرد ئەگەر زۆریان لێ نەکردایە . لە هەموو مەیخۆرەکانی تێدەپەڕاند , بەڵام لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە , کە هیچ کەس نەبووە جارێك سوکرات ی بەسەر خۆشی بینیبێ! بە بۆچوونی من و ئێوە هەر ئێستا دەتوانن ئەمە تاقی بکەنەوە , لەو کاتانەشدا کە لەسەرمان پێویستبوو بەرگەی سەرما و سۆڵەی وەرزە ساردەکانی زستان بگرین لەو شوێنانە , ئەوەی ئەوەی سوکرات لە گەنجە قۆزەکان داوایدەکات جەستەکانیان نییە , بەڵکو هەوڵی برادەرایەتی و متمانە لە گەڵیاندا دەکات , کە بە هامشۆیی دیسپلین , ژێر مەنـــدی و ئەو دەیکرد هەندێ جار , زۆر سەیر و دەگمەن بو لە بڕوا کردن نەدەهات , بۆ نموونە : کاتی بەفر و سەهۆڵ بەندانی هەرە سەخت , کە کەس نەبوو زاتی ئەوەی هەبێ کە لە سەربازگە دەرچێ , یان ئەگەر دەربچوایەش جلی هەرە گەرم و نەرمی لەبەر دەکرد و شتێکی باشیشی لە پێ دەکرد, دوای کە هەردوو قاچی بەلباد دەپۆشی یان بە پێستی مەڕ و ماڵات , بەڵام سوکرات هەر بە پاڵتۆکەی جارانی , بێزار نەدەبو لە هاتن و ڕۆیشتن , بەپێی پەتی بەسەر بەفردا ڕێی دەکرد و لە هەمووومان ئاسایی تر دیار بو کە پێڵاوی باشمان لە پێدا بوو)).

**زیرەکی و مێرچاکیە لەشکریەکەشی کەمبایەختر نیە**

لێرەدا ئەلسیپیاد کە لە شەڕەکانی (پوتیدە و ئەمنیپولیس و دالیوم) لەگەڵیدا بوو , دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((لەو چالاکیەدا کە فەرماندەکان هەموو مەدح و پیاهەڵدانێکیان بۆ من دیارکرد , من لە مانەوەم بەساغ و سەلامەتی بە تەواوی قەرزاری ئەوم , ئەو منی بەبرینداری بینی , بەڵام هەرگیز نەیویست بەجێم بهێڵێ و توانی من و چەکەکەم لە دەستی دوژمن ڕزگار بکات..... !

ڕوودانێکی تریش هەیە لە ڕەفتاری سوکرات دا شایانی سەرنجدانە , ئەوەش کاتێ سوپاکەمان شکستی خوارد و پاشەکشەمان کرد بەرامبەر(دالیوم) ... لەسەرەتادا بە دیم کرد

چەند لە پێشەوەی لاشیس بوو بە خێرایی ختووره و زیاتر , بینیم دەڕۆیشت , ڕێك وەكو لە جادەكانی خۆمان لە ئەسینا , قیت هەنگاوەكانی هەڵدەهێنا و بەقێز و ڕقەوە دەیڕوانی, زۆر لەسەر خۆ لە پیاوەكانی ئێمە و لە دوژمن ورد دەبۆوە , ئەم دان بەخۆدا گرتنە سەیرەی وای كردبو دوور و نزیك پیاوێك ببینێ, هەر كەسێك لێی نزیك ببێتەوە بە گەرمی پێشوازی بكات)).

هەر شتێك سوكرات بیكات , بە دەروونبەرزییەكی بێ هاوتا جێ بەجێی دەكات . دوای ((پوتیدە))ئەلسیپیل دەڵێت: "ئەی سوكرات , من لای فەرماندەكان زۆر جەختم لەسەر ئەوە كردەوە ئەو پاداشتە سەربازیەت بەسەردا ببارێنن كە تایبەتە بەوانەی لە خەڵكانی تر هەڵمەتبەر و دلێرترن , بەڵام كاتێ فەرماندەكان ویستیان لەبەر پلە و پایە كەم ئەو خەڵاتە بدەنە من , تۆ خۆت بە پێشیان كەوتی تا وەكو ئەو شتە بدەی بە من لە كاتێكدا دەبوایی بۆ تۆ بێت"

**بەم گیانە سوكرات كارەكەی ڕادەپەڕێنی:.**

كاتێ سۆفیستەكان پارەیەكی زۆر بەرامبەر وانەكانی ڕەوانبێژی داوا دەكەن , ئەو تەنانەت پاداشتێكی دراوییش وەرناگرێ , ئەوەی ڕاستی بێ سوكرات ڕەوان بێژ نییە, ئەو شتێكە لە جۆرێكی دی و باشتر . ((گوتارەكانی وەكو (دسیلین)یش وایە كاتێ دەكرێتەوە. ئێمە كاتێ دەمانەوێ گوێی بۆ ڕادێرین , لەسەرەتا ئەوەی دەیڵێت وەكو بڵێی گاڵتە بێت پێكەنینت پێی دێ؟ ناوەڕۆكی هزرەكەی هیچ جار لەپێشەوە نابێ, هەمیشە بە دەستەواژە و گوزارشتی زل زل داپۆشراوە. تەنها باسی گوێدرێژی زرێپۆش و ئاسنگەرەكان و پینەدۆز و خومچیەكانی پێستتان بۆ دەكات , وا پێ دەچێت ئەو هەمان شت لە هەمان دەستەواژەدا بەردەوام بڵێتەوە , بەجۆرێك كە هەموو نەزان و بێ مێشكێك گاڵتەی بە قسەكانی بێت , بەڵام كاتێك گوتارەكانی شی دەكەینەوە و بەناویدا ڕۆدەچین, هەر لەسەرەتاوە دەزانین كە پڕا و پڕن لە ڕامان و مەعنا, دواتریش دەیانبینین كە خوداوەندانەن و لەناو خۆدا پیرۆزترین وێنەی چاكەمەندیی هەڵدەگرن و هەر شتێك لەو شتانە لە خۆ دەگرن , كە پێویستە كەسێك ڕەچاوی بكات , ئەگەر بیەوێت ببێتە مرۆڤێكی تەواو كامڵ)).

ئەمەیە ئەو پیاوەی وەكو چۆن ئەفلاتۆن لەسەر زاری ئەلسیپیادی سەرمەست و ڕاستگۆ , گاڵتە جار و یەكجار بە تەوس , بۆمان دەگێڕێتەوە .. هەروەها شتیسەیر و نامۆش لەو پیاوەدا هەبوون , لێرەدا دووانیان دەبنە جێی سەرنجمان:

یەكەم , تووشی دۆخێك دەهات كە زانستی دەروونی فیزیۆلۆژی نوێ ناوی دەنێ خەیاڵڕۆشتنی تەواو بە هۆی تێرامان و لێورد بوونەوەی زیاد لە ئاستیی هزر, كاتێ بیرۆكەیەك بە سەریدا بهاتایە , چۆن بوایە ئاوا ڕادەوەستا, بەبێ جووڵە , ئاگای لە هیچ نەدەما وەكو نووستووی موگناتیسی, ئەمە ڕوویدا كاتێ بۆ خوانی میوانداری دەهات لەگەڵ ئەریستۆدیم, هەر ئەوە بو بووە مایەی ئەو دواكەوتنەی ئاگاسۆنی تووڕەكرد.

دیسان ئەلسیپیاد توانی لە (پوتیدە) ڕووداوێكی سەرسوڕهێنەری تر ببینێ . (بەیانییەك سوكرات لەناو سەنگەرێكدا ڕەق ڕاوەستا بوو بەدەم تێرامانێكی قووڵەوە , لەشوێنی خۆی بەبێ جووڵە ڕاوەستا بوو, ئەگەر ئەو شتەشی بەدی نەكردایە كە بەدوایدا دەگەڕا , هەرگیز لە شوێنی خۆی جووڵەی نەدەكرد و لەسەر هەمان ڕەوش بەردەوام بوو لەسەر بیركردنەوە, نیوەڕۆ داهات خەڵك سەیریان دەكرد و بەحەپەساویەوە بەیەكتریان دەگوت ئەوە هێشتا سوكرات لێرەیە لە بەیانییەوە خەون دەبینێ , بوو بە ئێوارە و سەربازەكانی ئەیۆنیۆن دوای نانی شێوان نوێنەكانی خۆیان هێنایە ئەوێ تا لە دەشت بخەون(وەرزەكە هاوین بو) بینییان سوكرات بەهەمان شێوە شەوگاریش بەڕێدەكات , لەڕاستیدا سوكرات بەردەوام لەسەر پێ ڕاوەستابوو تا بەیانی ڕۆژهەلات, ئینجا دوای ئەوەی كە نوێژ بۆ خۆر دەكات دەڕوا و شوێنەكەی بە جێدێڵێت)).

لەلایەكی دیكەوە سوكرات قسەكانی لەبارەی جنۆكەیەكی تایبەت بە خۆی دووبارە دەكاتەوە , ئەو جنۆكەیە ئاگاداری دەكاتەوە كاتێ مەیلی بۆ شتێكی حەرام یان كردەوەیەكی ستەمكارانە یان ڕەفتارێكی ناشایستە بچێ و پێویست بكا لەبەر بەرژەوەندی خۆی و گشتی لێیان دووركەوێتەوە . ئایا سوكرات بەڕاست بڕوای بەو جنۆكەیە و دەست خستنە كاریەوە هەبوو؟

كاتێ قسەی لەبارەوە دەكات , دەبینی بەپێچەوانەوە , بەشێوازێكی گاڵتەجارییەوە ڕەفتاردەكات، لەكۆتاییدا ئایا پێت وانییە ئاماژە بەوە بكات كەلەسەر زمانی ئێمە مانای غەریزە دەگەیەنێت؟ چ بیرمان لە غەریزەی ڕەوشتمەندی كردبێتەوە ، ئەوەی هەندێ كردەوەمان لێ قەدەغە دەكات، یان

و: ئەمین بۆتانی

مەبەستمان لەم دەستەواژەیەو ئەو ختوورەیە ناوەکی و ناماقووڵە بێ کە لەکاتی رەفتار نواندنماندا راماندەگرێ و هەندێ جار بەبێ بیر کردنەوە لێناگەرێ کاربکەین. هیچ گریمانەیەك لە گریمانەکانی شیکاران سەبارەت بەم بابەتە نە هەڵاوێردراوە کە دەنگی جنۆکەکەی سوکرات بە وڕێنەیەکی پەتی دەزانن ، تاوەکو بە گریمانەی ئەو شیکارانەش دەگات کە ئەو شتە تەنها بە شێوازێك دەزانن بۆ گاڵتە جاڕی و قسەی



سوقرات لەکاتی خواردنەوەی ژەهرەکەدا

خۆش .. لە نموونەکانی بوونی جنۆکە لە ژیانی سوکراتدا، سوکرات هەندێ لە مەزنترین بڕیارە گرنگ و باڵاکانی بۆ دەنگی جنۆکەکەی دەگێڕێتەوە :

لەوانە گوێ نەدان بە بەرگریکردن لە خۆی، رەتکردنەوەی راکردن لە زیندان و رازیبوون بەمەرگ، لە کاتێکا ئەگەرێك هەبو بۆ مانەوەو تەمەن درێژی .

ئەم ئاماژانە بەس بوون تاوەکو سوکرات بکەنە کەسایەتیەکی لێوەشاوە ، ئەو لە بەرامبەر دەورو بەرەکەیدا کەسێك بو شەیدا بە رێکی و ئاخاوتنی جوان و لێهاتووی ، دێم و روخسارێکی رەسەن و نائاسایی، ئەو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی سەرسوڕمێن بوو بە هەردوو قاچە رووتەکانی و پاڵتۆیە کۆنەکەی و گاڵتە جاڕیەکەی و قین لێبونەوەی لە هەندێ شت کەخەڵکی لە سەرووی هەر شتێکیان دادەنا وەکو پارە و سامان و هێزو ناوبانگ دەرکردن، ئەمەو چەند ببوە هۆی سەرسوڕمانی زیاتر ، کاتێ لە کاهینێك دەپرسن کێ لە هەموو خەڵکی دانا ترە ، ئەویش بەبێ دوودڵی ڕایدەگەیەنێ ئەو کەسە سوکراتە. کتێبی (بەرگری) ئەفلاتۆن دەیگێڕێتەوە کە ڕاگەیاندنی کاهینەکە دەنگ دەداتەوەو رۆڵی گەورەی دەبێ لەمسۆگەر کردنی سەرکەوتنی سوکراتدا، ئەویش بۆ دڵنیا بوون لە قسەکەی کاهین ، پرسیاری چەندین کەسی دەکرد یەك لەدوای یەك .

ئەم مرۆڤە بەر چاوە بەشی هەرە زۆری کاتی خۆی بە گفتو گۆ بەسەر دەبرد ، بۆ دڵنیابوونیش زەینەفۆن لەم بارەیەوە دەڵێت، ژیانی سوکرات هەمووی گشتی بوو. بەیانیان پیاسەو هاتوچۆی دەکردو لە یاریگاکانیش بەدرێژایی ئەو کاتژمێرانە لە گۆڕەپاندا دیار دەکەوت کە خەڵکی بە کۆمەڵ دەهاتن بۆ ئەوێ، ئەو بەشەی دەمایەوەش لە کاتەکانی ڕۆژدا، سوکرات ئامادەی ئەو کۆبونەوە گەورەو قەرەباڵغانە دەبو و زۆر جار قسەیشی تیادەکرد، هەر کەسێکیش دەیتوانی گوێ لێبگرێ ئەگەر بیویستایە)).

سوکرات لە و شوێنانە گوتاری پێشکەش نەدەکرد بەڵکو قسەی دەکرد، ئەو پێویستی بە یەکێك هەبو لە گەڵیدا بکەوێتە گفتو گۆ ، هەر مرۆڤێکیش لە هەر تەمەن و رەگەزو دۆخ و پیشە بتوانێ ئەم ڕۆڵە ببینێ هیچ بەربەستێکی لە پێش دانەدەنا.

هیچ شتێك ناگاتە ئەم رفتارو شێوازە لەرووی ئاشکرایی و روونی ، لیستی ئەوکەسانەی لەگەڵیان دادەنیشت ،چ لەلای ئەفلاتۆن یان لای زەینەفۆن، تێیاندا هەبوو گەنجی تازە پێگەیشتوو کە قۆزو ڕۆح کراوەبوون ، وەکو لیزیس، شەرمید ، ئەلیسیپیادی تۆلاز، ئۆتیدیم، ئەمانە گفتو گۆکانی ئەفلاتۆن و یاداشتە کانی زەینەفۆن لەبارەی سوکراتەوە، ناویان بەنەمری هێشتەوە، دیسان سۆفیستیشی تیابوو لە رێچکەی جیاجیا وەکو ئیپیاس،

پرۆتاگۆراس ، پرۆدیكۆس ، هەندێ گوێگریش بەبەردەوامی یاوەری بوون لەنموونە:

ئەنتیستان و ئەرستیپ فەرماندەیەك هەبو لاشیس ، خیپكێك هەبو ئۆتیگرۆن ، برادەرێكی كۆن و چاكە خوازی كریتۆن. هەروەها شریگۆن و شریكرات هەبوون ئەو دووبرایەی بەردەوام سوكرات هەوڵی دەدا نێوانیان خۆش بكاتەوە ، دیسان لامبرۆكلیسی قینی لە كستانتیپ بوو سوكرات وەك باوكێك هەرجار ئامۆژگاری دەكرد. كریتۆپۆلیش ئەوەی هەمیشە پێویستی بە چاو ساغی هەبوو بۆ هەڵبژاردنی برادەرەكانی ، ئەرستارك ناوێكیش هەبوو كە زۆر خەریكی حەواندنەوەو ناندانی كۆمەڵێك پەنابەر بو، (ئۆتیر) یش هەرجار سوكرات هانی دەدا كار بكات بۆ ئەوەی بژیت، هەروەها تیۆدۆتی سۆزانیی خۆشەویست ئەوەی پێویستی بە هەندێ ئامۆژگاری هەبوو دەربارەی هونەری تەفرەدان راگرتنی عاشقەكانی. ئەوبابەتانەی قسەشیان لەبارەوە كراوە دیارو پڕبایەخن ! قسەكردن و گفتو گۆ لەگەڵ هەموو خەڵكی بەرپا بو! دەربارەی هەر شتێك پێیان وابێ دەیزانن كەچی لە ڕاستیدا ئاگاداری نین. هەروەها دەربارەی هەر بابەتێك خەڵكی بتوانێ بگاتە روونكردنەوەی بەڕێگای بیركردنەوەی تایبەتی خۆیان وەكو :كامەرانی، دانایی، میانگیری، دلێری، دادپەروەری، لەیەزدان ترسانی ڕاستەقینە برادەرایەتی ، جوانی ، نرخی یاساكان ، گرنگی دەوڵەت و رێگاكانی بەرێوە بردنی ، نرخی هەست و سۆزە جۆشدارەكان ، هونەری خۆشەویستی، هونەری لێبوردەیی، كێ هەیە خۆی بە پسپۆر نەزانێ لەم بابەتانە ، كێش هەیە پێویستی بەوە نەبێ هێشتا شت فێر بێ دەربارەی هەموو ئەو بابەتانە ؟ .

شتێكی تر هەیە گومان نایگرێتەوە ئەویش ئەوەیە كە سوكرات سەركەوتنێكی بێوێنەی لای گوێكرانی خۆی بەدەست هێنابوو، ئەویارمەتی دەدان بەسەرئەوشتانە هەڵبدەن كە زۆرجارڕاست و راستە قینە بوو، بەڵام دەسەڵات بەچاوی ڕەزامەندی لێی نەدەڕوانی . ئەمەش بووە هۆی لە دەستدانی ژیانی سوكرات . هەر ئەمەش بووسوكراتی لە جیهاندا كردە نمونەیەكی رێزدارو یەكەمین شەهیدی هزری ئازادو فەلسەفی .

ڕەوشی یۆنانییەكان لە كۆتاییەكانی سەدەی پێنجەمی پێش زاینی بەم شێوەیەبوو، لەساڵی ٤٩٠ (پ.ن) جەنگاوەرانی ئەسینا بەسەر فارسەكانی داریوشدا سەركەوتن لە شەڕی (ماراسۆن) لەساڵی ٤٨٠ (پ.ن) هێزەكانی دەریاوانی یۆنانی تێكڕا لە سالامین كەشتیە كانی كسیر سیسیان تێكدەشكاندو لەساڵی ٤٧٢ ناوبراو تیاچوو. لە ساڵی ٤٥٦ ئەسشێل كۆچی دوایی كرد ئەوەی كە تراژیدیای (فارسەكان) نووسی بوو وەكو شاكارێك لە مێژووی ئەدەبی یۆنانی هەمیشە بەزیندووی دەمێنێتەوە . هەڤگرتنی شارە یۆنانییەكان رۆڵی لە بەهێزبوونیاندا هەبوو لە دژی مەیلی پاوانخوازی ئاسیایی، ئەگەر ئەو هەڤگرتنە بەردەوام بوایە ، دەبێ هێزو توانا ی گریكەكان لە چ ئاستێكدا بوایە، بەڵام بەردەوام نەبوو. دوای سەركەوتن، ڕاستەوخۆ لە یۆنان دووناوەندی لەیەك جیای شارستانی دامەزران : ناوەندی ئەسینا لەلایەك وناوەندی لاسیدیمونا لەلایەكی دی . ئەسینا دەبێتە شاری هونەرو وێژە و زانست و ڕەوانبێژی و هزری فەلسەفی لەهەمان كاتیشدا دەبێتە شارێكی گەورەی لێواری دەریا و لەگەڵ دوورگەكانی گریك و كۆلۆنیا لە هیلنییەكان و بەندەرەكانی ئاسیاو ئافریكا پەیوەندی بازرگانی فراوان دەبەستێ . ئەم كرانەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە كەسایەتی بەرچاو و دیار ڕووی تێ بكەن بەتایبەتی لەبواری زانیاری و هونەری گوتاربێژی ، بەڵام لەدەرئەنجامدا دووچاری هەندێ نەخۆشی و دیاردەی زیانبەخش دەبێ مەیلێكی لەڕادەبەدەری دەست بلاوی ، جلەوبەربوونی كۆمەڵایەتی ، لەشیرازە دەرچوونی ڕەوشت و ئەتیك ، حەزێكی یەكجار زۆر بۆ ڕەوان بێژی و قسەی تاس و لووس ، بەكورتی هەر شتێك ب بێتە مایەی لێدانی بناغە و ژێر بەنای كۆمەڵایەتی و زاڵكردنی باق وبریق بەسەریدا.. شاری سپارت یش وەكو ئەمكدارێك بۆ یاساكانی كۆكۆرگ. لە هەندێ رووەوە بە پێچەوانەی ئەسینا پێشكەوتن بەخۆیەوە دەبینێ . لێرە هیچ نرخێك بۆ هونەر وزانیاری و ئاداب و فەلسەفە نییە . ((ئیلۆت)) ە كان بۆ خۆشگوزەرانی دەوڵەت تێدەكۆشن. ئەگینا سزای مەرگیان رووبەڕوو دەبێتەوە ، هەموو هاوڵاتیە ئازادەكان ، ژن و پیاو ، ملكەچی ژیانێكی دەستپێوە گری سەخت بوون، هەر شت لە پێناو پێگەیاندنی خەڵكانی جەنگاوەر و شەڕكەردابو. وەرزشێكی جەستەیی چڕو پڕ ، مەشقی سەربازی ، خوانی هاوبەش ، وریا بوون و چاو كراوەیی لە هەر ساتێكدا ڕێزو حورمەت لای ریش سپیان و ڕەواقیەكان لای گەنجان مسۆگەر بكات . لەئەنجامدا :

سپارت دەبێتە رێکخراوەیەکی سەربازیی خاوەن توانا، کە حەز لە سەربەخۆی خۆی بکات و زیاتریش حەز لە بلاو کردنەوەی رکێفخوازیی خۆی بێ.. شارە سەرەکیەکانی بیلۆ بۆنیز دەکەونەنێو قەوارەی سپارت ، و هەندێ شاری باکووری یۆنان و دوورگەکانی دەریای ئیجەش لە فەلەکی ئەسینادا دەخولێنەوە، ئەم هەردوو شارستانییەتە بەبێ هیچ لێك حاڵیبوونێك رووبەرووی یەکتری دەبنەوە. لەکۆتاییدا رق و کینە لە نێوانیاندا دروستدەبێ. ئاگری ململانێ بە دزی لە ژێر خۆڵمێشدا هەتا دەهات گەش دەبوو ، هەتاکو ساڵی (٤٣١) ، کە بەهۆی دووبەرەکی و قینە بەرایەتی نێوان کۆرنتۆس و کۆرسیر ، جەنگی بیلۆبۆنیز دادەگیرسێ و هەتا ساڵی (٤٠٤) دەخایەنێ . گەنجێتی سوکراتیش لە ماوەیەکی هەرە گەش و پێشکەوتوودا درێژە دەکێشێ . لە دوای ساڵی (٤٣١) یش ، ململانێ قۆرەکە دادەمرکێتەوە کەلایەنگرانی سەرکەوتن دەخاتە نێو کێبەرکێ ی نەمان و بەبرسێتی لە ناویان دەبات ، ئینجا لە پاش چەندین رووداو " نشوستی سیاسیانەی ئەسینا بە دوای خۆیدا دێنێ ئەو پرسیارەی بە خەیاڵدا دێت ئەوەیە ئایا بەرێوەبەرایەتی ئەسینا بەرێوەبەرایەتیەکی باشبوو؟ پیرکلیریس جەنگی بلۆ بۆنیز رادەگەیەنێ ، بەلام لە ساڵی (٤٢٩) بەنەخۆشی رشانەوە بەناو بانگەکەی ئەسینا دەمرێ .

کێ جێگای دەگرێتەوە ؟ سیاسیەکی دیماگۆگی ، کلیۆن ی بازرگانی پێستە ، ئامادەیە هەر شتێك بکات پشتی میللەت هەڵدەگلۆفێ وەکو پشتی سەگێ . پارەی زۆر بەسەر دەست و پێوەندەکان دابەش دەکات . بەبێ شەرم و سڵەمینەوە ژیان و ئازادی خەڵکانی دی لەپێش چاوی میللەت دەکاتە قوربانی ، بازرگانانی شەڕ دەوریان داوە ،لەگەڵ پاڵێوراوی ژەنەراڵ و ئەمیراڵەکان ، چەکسازان ، وەستا کارانی کەشتی شەڕ ، بازرگانانی زرێ و کڵاوی سەربازیان و پێڵاو و قەڵغان ، ئەمانە هەلپەرست و مفتە خۆری رەنج و ئازارەکانی گەلن .

دواجار هەموو بیریارە جوامێرەکان لەدژی کلیۆن و دارو دەستەکەی رادەوەستن ، ئەوان نرخی ئاشتی بێ سنوور دەزانن و بێ و چان لە خوداوەند و پیاو چاکان دەپارێنەوە ، بەلام نزاو تکایان بێ وەلام دەبێ ، لەبەر ئەوە ئەریستۆڤان بەناوی ئەوان بەهەموو هێزی خۆی هاوار دەکات . با ئاشتی بۆ ئەشارنی و سواران بخوێنین ، بۆیەسیستراتی و ژنان ، هەرشتێك کە نەفرەت لە جەنگ بکات ، ئەو جەنگە شێتەی هەموو شتێك دەروخێنێ ، ئەمەو ئەرستۆڤان ئەوە ریسوا دەکات کەپێی وایە هۆکاری راستە قینەی ماڵوێرانی و کاولکارییە . وەکو فەرامۆشکردنی پەیرەوی پەروەردەی کۆن و رەوشتی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ پەرەسەندنی سۆفیستگەرایی کە بوار دەرەخسێنێ بۆ دیاری کردنی دادمەندیی بەرێگای ستەم و ستەمیش بەرێگای دادمەندی ، مەیلی دەرچوون و لادان لە شیرازەی عەقڵ و رەوشت ، قین نواندن بەرامبەر خوداوەند باوەکان هەتا رادەی ئینکاری بوونیان ، ئەمەش پێویستە بەر پەرچی بدرێتەوە دەبێ گەڕانەوە هەبێ بۆ ئەو داب و نەریتە مەزنانەی ئەو کەسانە لەسەری پەروەردە کران کە سەرکەوتنیان لە ماراسۆن و سالامین دا بەدەست هێنا .

هەست ناکەی کەوا گوێ لە سوکرات دەگرین قسە دەکات ؟



((برادەرەکە دەڵێ ، جوورئەتت هەبێ ئەی لاوکە پەیوەست بیت پێمەوە بەوەی کە رێگای دادمەندی و عەقڵم گرتووە ،ئەوسا دەزانی چۆن خۆت لە گۆرەپانی گشتی بەدوور بگری و توخنی گەرماوەکانی شل و خاوبوونەوە نەکەوی ، لەهەر شتێکی ناشیاو تەریق بیتەوە ، تووڕەو هەڵچوو بیت ئەگەر یەکێ گاڵتەی بە چاکەمەندی تۆ هات، جێگای خۆت چۆڵ کەی بۆ بەساڵاچوان، رێز لە دایك و باوکت بگری، لە هەر کارێکی بەد خۆت بەدوور بگرە، ئابڕۆی خۆت سەنگین راگرە، وەلامی باوکت مەدەوەو بەسووکی رەفتاری لە گەڵدا مەکە ، تەمەنی ئەوەی تۆی پەروەردە کردووە بە نەنگ و عەیبە مەزانە)) . شەرانگێزەکە وەلامی ئەم قسەیە دەداتەوە:

((بە زاتی باخوس ، ئەگەر گوێرایەڵی ئەو بیت ، ئەوە پێت دەڵێن گێلە گەورەکەی دایکی )).

هاورێکە وەلام دەداتەوە: ((نەخێر کاتەکەت بەوەرزش بەسەر دەبەیت و هێزو تەندروستیت لێدەبارێ، ناچیتە

گۆڕەپانی گشتی زۆربلێیی و كێشمەكێشم بكەی وەكو چۆن باویەتی، دائەبەزیت بۆ ئەكادیما بۆ ئەوەی لە ژێر دار زەیتوونە پیرۆزەكان غارەغار بكەی ،تاجە گوڵینە یەكی سپی بەسەر سەرتەوەیە. لە گەڵ برادەرێكی خۆشەویستی هاوتەمەنی خۆت خۆشی لە كاتەكانت وەردەگری و بۆن و بەرامەی ئەیف و چرۆ نوێ یەكانی داری بی هە ڵدەمژی ))

ئایا سوكرات بێ لەوە ئامۆژگاریەكی تری كردووە ؟ بەڵام ئەمە چ هۆشمەندەیەكە. ئەریستۆڤان خۆی ئەم قسانە لەسەر زمانی هاوڕێكە دادەنێ ، ئەوەی وەكو دیارە ،وەری دەگرێ و كاری پێ دەكا ، هەر وەكو بڵێ ی قسەی تایبەتی خۆیەتی لە دژی سوكرات هەڵدەگەڕێتەوە .. ئەمەو بە رادە ستبوونی بۆ هاودژیەكی سەیر و لەوانەیە بە ئەنقەست ، دەچێتە لای سۆفێست و گوتاربێژە فێڵبازەكان .تاوانباری دەكات بەفێركردنی هونەری بەدیار خستنی ستەم لەشێوەی داد مەندیی و زیادە ڕۆیی لە كێشان و پێوانا ، لە كۆتایی (هەورەكان)دا داوای چەپڵە لێدان بۆ ستەر بسی دەكات لەبەر ئەوەی گڕی لەماڵی سوكرات بەرداوەو هەموو شتەكانی سوتاندووە . بە شیریفۆن و هەموو قوتابیەكانی مامۆستاشەوە .. هێرشێكی لە ناكاو بەشی ئەوەی نەكرد هیچ شتێك لە دژی سوكرات بورووژێنێ. (هەورەكان) لە ساڵی (٤٢٤) نمایش كرا ، بەڵام فەرمانەكە ساڵی (٣٩٩) بەسەر سوكرات بڕیاری پێ درا هەروەها نەبوە هۆی هیچ ناكۆكیەكیش لە نێوان سوكرات و ئەریستۆڤان ، لە ((خوانێك)) ە ی ئەفلاتۆن . هەردووكیان بەیەكەوە دەردەكەون ، لانیكەم دەبێ سوكراتی هاندابێ بەرەو تێگەیشتن . ئەو بەو تێگەیشتنەوە نەدەناسرا . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕۆژگارەی ئەسینا پێیدا دەرباز دەبو شڵەژاو نەبوو، بەڵكو ناسك و هەستیار بوو ئەو شەڕەی لە ساڵی (٤٣١) ئاگرەكەی هەڵایسا لە ڕاستیدا ڕووداوەكانی لە بارودۆخێكی هیلاك دا بو بۆ هەموو یۆنان و كارەساتباریش بو بۆ ئەسینا ، كە مێژوونووسان بەسەر سێ قۆناغدا دابەشی دەكەن . لە ساڵی ٤٣١هەتا ٤٢١ تیایدا شكست و سەركەوتنەكان بەدوای یەكدا دێن ، لە هەر ساڵێكیش بەر لە وەرزی دروێنە خەلەوخەرمانەكانی ئەتیك و لاكۆنیا تاڵاندەكران و گریكەكان لە برسانا دەمردن ، لە ساڵی ٤٢١ نیسیاس پەیمانێكی لەگەڵ سپارت ئیمزا كرد بۆ ئاگربەستێكی پەنجا ساڵە بەڵام ڕێزی لێ نەگیرێ . قۆناغی دووەم (٤٢١-٤١٢) هاوكات بۆ لەگەڵ پەلاماردانەكەی لە دژی سقلیە بەرابەرایەتی ئەلسیپیاد. كە پەلامارێكی گورچك بڕ بو بۆ دۆزی ئەسینی و لە ئەنجامدا رابەرەكەی ملكەچی یەكەمین تاراوگە بوون دەبێ . قۆناغی سێ یەم (٤١٢-٤٠٤) بەر لە هەر شت ئەم قۆناغە بەشكستی دەریاوانی پلۆ پۆنیز دەناسرێ لە دوورگەكانی ئەرگینۆز لە ساڵی (٤٠٦) ، ئەم شكستە بەتەنیا بەس نییە ، ئەمیراڵی ئەسپارتی لیساندەر لە ساڵی (٤٠٥) سەركەوتن (ئیگۆس – بۆتامۆس) تۆمار دەكات و لە ساڵی (٤٠٤) دەست بەسەر ئەسینادا دەگرێ قەڵای كاولبوو، كە شتی سوتێنراو، كۆلۆنیالی لەدەستچوو ، ئەمە بەخشیش و راگەیاندراوی بیست و حەوت ساڵەی شەڕ بو ، لەو كاتەی ئەسینا ئاوەدان بوو .. دیسان حكومەتی ئەو (٣٠) سی ستەمكارە بەزۆر سەپێنراوەی لە لایەن سەركەوتووانەوە ، زۆرینەی ئەندامەكانی لە سپارتیەكان بوون . هەندێ ئەسینیشی دەگەڵ خرا بوون ، لەوانە كریتیاس ، تیرامن ، چاركلیس ، بەڵام راستیەكەی دەسەڵاتەكەیان تەنها هەشت مانگ درێژەی هەبوو ، لەبەر ئەوەی ترا سیپۆل لە ساڵی (٤٠٣) ئەوانی كردە دەرەوە ، وئەگەر بڕوا بەقسەكانی زەینەفۆن بكەین ، دەبینین كەوا خراپە كاریەكانیان گەیشتبوە ئاستی هەرە بەرزی جەور و ستەم ، هۆكاری ئەم پیلانە نهێنی یەش كەبووە هۆی تیا چوونی سوكرات ، بۆ كرداری بەدی هەندێكیان لە و سی ستەم كارەی كریتیاس لەنێویاندا سەر هەڵ دەدا دەگەرێتەوە .. ئەم مرۆڤە هیوا خوازە یەكێ بوو لەبرادەرانی سوكرات ، بەڵام هەراو دەمەقاڵیان دەبێ .((زەینەفۆن دەنوسێ ،ئەی سوكرات كریتیاسی سەرزەنشت نەكرد ،ئەوەی كە شەیدای ئۆتیدیم بو؟ چەندین جار لێ ی دووبارە كردەوە كە نەنگی یە بۆ پیاوێكی ئازاد و لەخاوەن شكۆیەكیش ناوەشێتەوە بڕوات هەستپاكی خۆی لای عەشقێك بنوێنێ بەمەبەستی ڕەچاو كردنی؟))

((كریتیاس ملكەچی ئامۆژگاریە كانی سوكرات نەبو و نیازە خراپە كانی خۆیشی راست نەكردەوە بە ئامادە بوونی خەڵكانێكی زۆر و لەنێویاندا ش ئۆتیدیم ، سوكرات ئەوەی بە ئاژەڵە پیسەكان چواند ئەمەش وایكرد كریتیاس ببێتە دوژمنێكی سەر سەختی سوكرات)). كاتێ كریتیاس وەكو یەكێك لەو سی كەسە هاتە دامەزراندن ،بە تایبەتی ئەركی یاسا دانانی پێ راسپێردرا ، ئەویش یاسایەكی لە دژی

سوکرات دەرکرد کە ((فێرکردنی هونەرە ئاخافتن)) ی پێ قەدەغە کرا . سوکرات هیچ بایەخێکی پێنەداو زۆر بەتوندی کەوتە ناوزڕاندنی ئەو ڕژێمەی سی کەسەکە دەستیان پێ کرد . ئەوان ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی دەستە بژێر لە سێدارە دابو ، هەندێکیشیان بەزەبری ترس تۆقاندن ناچار کردبو بەشدارییان بکەن لە کارە چەپەڵەکانیاندا .

((سوکرات دەڵێ سەرم سوڕدەمینێ ڕۆژێك ۰۰ئەگەرشوان نیوەی مێگەل سەر ببڕێ ونیوەکەی تریش لەڕولاوازببن۰ دان بەوەدا نە نێ کەواشوانیکی بێ عەمەلە دیسان سەرم لەوەش سوڕ دە مێنێ کەمرۆڤێك کرا بێتە رابەری خەڵکە کەی. ئەویش نیوەیان بکوژێ و رەوشتی ئەوانی دیش خراب بکات ۰ لەگەڵ ئەوەش دا شەرم لە ڕفتاری خۆی نەکات و دان بەوەدا نەنێ کە فەرمان ڕەواییەکی شەڕانگێزە )) ئەم قسەیە دەگاتەوە خاوەنەکەی (کریتیاس و چارکلیس.و سوکرات بانگدەکەن و یاساکەی پیشاندەدەن و ئاگاداری دەکەنەوە لەگەڵ گەنجان قسە نەکات) (ئەوەت لە بیر بێ سوکرات ، کریتیاس وەڵامدەداتەوە ، لەسەرت ئەوەیە پشوویەك بدەیە پینەدۆزو کانزا گەرو پشەکارانی دی؟ وا بزانم ئەوانیش بێزار بوون لەوەی بە زۆر بخرێنە ناو هەموو قسەو باسێکەوە .بێگومان سوکرات وەڵامدەداتەوە: "دەبێت دەست بەو دەرەنجامانەش بگرم کە لە پیشەکانی ئەوانەوە هەڵمهێنجاون لە بارەی دادپەروەریو حورمەتگەری گشت چاکەمەندییەکان، بەڵێ چارکلیس وەڵامی دایەوە: "واز لە گاوانەکانی خۆشت بێنە ،یان پاشەرۆکە پیسەکەی لەناو مێگەلەکەی خۆتدا دەبینییەوە"

**<u>بەرە بەرە سیماکانی باهۆزەکە بەدیار دەکەون بەڵام دواتر تەقییەوە.</u>**

لەساڵی ٣٩٩پ. ز سێ کەس بەناوی (ئەنیتۆس،میلیتۆس،لیکۆن) داوایەکیان لە دژی سوکرات بەرز کردەوە، ئنیتۆس یەکێك بوو لەو کەسانەی کەئیرەییان بە سوکرات دەبرد وهەر ئەویش بوو بەر لەوە ئەریستۆڤانی لە دژی سوکرات هاندابوو.دیسان میلیتۆس یشی پێگەیاندبوو لە کاتێکدا هەڵبەستڤانێکی کرچ وکاڵی نەناسراو بوو.لیکۆن یش گوتربێژبو حەزی لەوە بو داوای هەرکێشەیەك بەرز بکاتە بۆ ئەوەی ناوی بکەوێتە ناو ناوانەوە وا پێدەچێت یەکەمیان لە پێناو فەرمانڕەواکان و رابەرانی میللەت کاری کردبێ

،ئەوەی دووەمیش بۆ شاعیران و سێیەم کەسیش لەپێناو گوتار بێژان و ئەوە ئەو چینانەن. ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێ ، بە پێی بۆ چوونی (دێوجین لایرس) کە بە رەخنەکانی سوکرات پەست دەبوون ، دادگای ئیلیاست کە سوکرات لە بەر دەمیدا راوەستا، لە ٥٥٦ ئەندام پێکدەهات و بڕیارەکەشی بەدوو بەشبوو: یەکەمیان دوای بەرز کردنەوەی داوای داواکاران و تاوانباران، لەسەریشی بوو ئەوە بڵێ ، کە ئەگەر تاوانبار گوناهی هەبێ یان نا ، ئەگەر دانی بە گوناهەکەی خۆی دانا ، دەبوایە تاوانبار خۆی سزاکەی خۆی دەست نیشان بکردایە بەگوێرەی بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی ، دوای ئەوە قازییەکان بەزۆرینەی دەنگ چارەنووسی تاوانبارەکە یەکلایی دەکەنەوە .

هەمان ئەو دەستە واژانەمان لەبەردەستدایە کە دوای تاوانەکەی پێ بەرزکراوەتەوە لە دژی سوکرات وپێشان نەیارانی سوکرات هەوڵی ورووژاندنیان دەدا ، کە خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە :

١- بڕوا نەهێنان بە ئاینی دەوڵەت .
٢- هێنانەناوەوەی خوداوەندی نوێ بۆ شار .
٣- بەدخو کردنی گەنجان.

ئەوە دەقی ئەو تاوانەیە کە دێۆجین لایرس دەیگوازێتەوە " (( میلیتۆس، کوڕی میلیتۆس لامبساك ، سوکرات ی کوڕی سفرونیسك ، لەدایکبووی ئەلوپاس . بەم تاوانانە گوناهبار دەکات : پیرۆزی یاساکان پیس دەکات بەوەی کە ئینکاری بوونی خوداوەندی دانپیانراو دەکات لەشارەکەدا و خوداوەندی تر لەجیاتی ئەو دادەنێ ،، لاوەکانیش بەدخو دەکات، ناکرێ لێخۆش بوون بەرامبەر ئەم تاوانە هەبێ بە مردن نەبێ )).

سوکرات چۆن وەڵامی ئەم گوناهبارکردنانە دەداتەوە ؟

بۆ ئەم بابەتە دوو گێڕانەوەی و هەندێ دەقمان لەبەر دەستە . گێڕانەوەیەك لای دیۆجین لایرسە کە لەوانەیە لیسیاس ی گوتاربێژ وەکو بەرگرینامەیەك بۆ سوکرات ی خوێندبێتەوە

و لەپێناوی ئەویشدا داینابێ . ((برادەرەکەم ، لەوانەیە فەیلەسوف پێ ی گوتبێ ئەمە دەقێکی باشە ، بەڵام ئەوە بەکەڵکم نایەت . لەراستیدا داڕشتنەکەی زیاتر بۆ قازی یەکان دەبێ ، لەوەی بۆ فەیلەسوفێکی سەنگین )). بۆ لیسیاس


کریتۆن

شتێکی لەناکاو بۆ گوێی لەپیاهەڵدان بێ و بەرگریکردنەکەی رەت بکرێتەوە ، سوکرات ویستی ئەوەشی بکاتەوەو بڵێ:.

((وەڵامی دایەوە ، مەحاڵ نییە جل و پێڵاوێکی باش بێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەکەڵکم

نایەن)) . هەر لەبارەی بەرگریکردن لە سوکرات ، زەینەفۆن گێڕانەوەیەکی تری هەیە ، ئەوەیە کە هیرمۆجین سوکرات هان دەدات بیر لە بەرگریکردن لە خۆی بکاتەوە.

((پێ ی گوت ، بۆ نازانی چەند بێ تاوان لەناوچووینە و بوونەتە قوربانی کەللەڕەقیی خۆیان بەرامبەر دادگاکانی ئەسینا؟ لە هەمان کاتدا زۆر جار هەبووە قازیەکان تاوانبارە کانیان ئازادکردووە ، دوای ئەوەی کە پارانەوەکانیان بەزەیی دادوەرەکانی جووڵاندووەو جوانی ی گوتارەکانیان کاریگەریی لە سەریان هەبووە. — باشە ، سوکرات وەڵام دەداتەوە ، دووجار ویستم بەرگری لەخۆم بکەم ، بەڵام هەردوو جار جنۆکەکەم ڕازی نەبوو .

ئەوەی تۆ لێرە دەیڵێ ی تووشی سەرسوڕمانم دەکات ...

چی ! سەرت سوڕدەمێنێ کە خودا سوودی کۆتاییەکەم بەجێ بگەیەنێ ! ئایالێت شاراوەیە کەمن دەتوانم بەرسینگی هەر یەکێك بگرم بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە لە دەست پاك ترە ، منیش زانیم ، ئەوەش بیرۆکەیەکی بەرەگە ، من لە هەموو ژیانم دا دۆست و ئایندار بووم ؟ بەهێزیش بووم بە پەیمانگیری خەڵك بۆ من ، هەروەها دەمبینی قوتابیەکانیشم

بەهەمان ڕەفتاری جوان مامەڵەم لەگەڵدا دەکەنە ، من لە ئێستاو بەدواوە . ئەگەر ئەرکەکەم بەردەوام بوو لەوانەیە ناچار بم باج و سەرانە بدەمە پیرێتی ؟ چاوەکانم کز دەبن ، هەستی بیستنم کەم دەبێتەوە ، خاوتر دەبم لە تێگەیشتن و حاڵیبوون و ئەوەی فێریشی بوویێتم زوو لە بیری دەکەم ، ئەگەر ئەم هاتنە خوارەیەم بۆ تاقی بۆوە و لە خۆم بێزاربووم . چ شتێك جارێکی دی وام لێدەکات مەیلی ژیانم هەبێ ؟)).


زەینەفۆن


ئەفلاتۆن

نرخی ئەم گێڕانەوانە چەندبێ . لانیکەم ئێمە لەبەردەم دوو تێکستی گرنگە و زۆر چوون لەیەك داین . ((بەرگری سوکرات)) کە ئەفلاتۆن دوای نەمانی سوکرات بەماوەیەکی کەم بڵاوی کردەوە . لەگەڵ بەرگری سوکراتیش ، ئەوەی لەبەشە سەرەتاکانی پەرتوکی یەکەم .

((فەرمایشتە بەجێکان)) زەینەفۆن بڵاوی کردۆتەوە .. ئەو تەبایی و لێکچوونەی نێوان گێڕانەوەکانی ئەم کێشە بەناوبانگە مەزەندەی ئەوە دەوروژێنێ کە ئەم رووداوانە بەڕاستی ڕوویانداوە ، با بەراوردی هەردوو دەقە کە بکەین . بەر لەهەر شتێك ئەوە دووپات دەکەین :

هەردوو دەقەکە کەمکورِی یەکی جێگیر لای سوکرات دەخەنە روو کە پەنا بۆ ڕێگاچارەی بەدو قێزەون نەبات، ئەوەی هەمیشە تاوانبارە ئاساییەکان دەیانەوێ بەڕێگایەوە هەست وبەزەیی دادوەرەکانیان پێ بورووژێنن و فریویان بدەن. زۆربەی هەرە زۆریان دەیانەوێ بەهەموو هێزێك خۆیان رزگاربکەن، بۆ ئەوەی بگەنە ئەم ئامانجەی خۆیان . دەست ناپارێزن لە یاریکردن بە کەرامەتی خۆیان پەنا بۆ پارانەوەو سۆزدان دەبەن و پێ یان وایە ژیان و پارێزگاریکردن لە ژیان بەرزتر و بەهادارترن لە حورمت و کەرامەت خۆی ، ئەمەش لە ڕاستیدا وانییە ، مردن لە نرخ و بەهادا بەسەر ژیاندا سەرناکەوێ . بەهەرحاڵ ژیان هیچ غرورێك لای پیرێکی حەفتا ساڵە ناوروژێنێ و لە کاتێکا ئەگەر درێژیش کرایەوە ، ئەوە دەبێتە دۆخێك بۆ هەزار ئێش و ئازاری سرووشتی و دەروونی ..

ئەو جنۆکەیەی سرووشت بۆ سوکرات دێنێ ، ئەمجارە ڕێگای پێ نەگرت کاتێ لە دەرگا دەچێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی

لەبەرامبەر دادگا راوەستێ . ئەم رەفتارەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە وادەی ئەجەل بەخێر لە سوکرات نزیکبۆتەوە نەك شەڕ .. چۆن. دیارە سوکرات لەم هەل و مەرجەدا لە مردن دەترسێ ؟ ئێمە باش بینیمان کە ئەو لە مەرگ نەترسا ، نەلە پوتیدە و نەلە ئەمنیپولیس و هەروەها لە دالیۆمیش ، بۆ چی دەبێ ئێستا بترسێ و تەنانەت لە و تەمەنەشدا ؟ کەواتە گرتنەبەری هیچ رەوانبێژی یەکی ئەنقەست نییە بۆئەوەی فرمێسك لە چاوان بباریێنێ ؟ برادەرەکانیش ئامادەنین بۆ بەرگریکردن و سەپاندنی ئەو بەرگری یە ، ژن و منداڵەکانیشی دیار نەبوون . بەتایبەتی هیچ پابەندی و پەیمانێك نییە بۆ ئایندە ئەگەر وەکو بێ تاوانیش لێ ی دەرچو . سوکرات رژدە لەسەر ئەوەی ، ئەگەر دادگا ئازادی بۆ گەڕاندەوە، ئەوئازادییەکەی خۆی بەکار ناهێنیٚ تەنها ئەگەربۆ بەردەوامی پێدان نەبیٚ بەو ئەرکەی هەمیشە بۆی تیٚدەکۆشا. بەمرەفتارەیشی ملکەچی هەستێکیناوەکی دەبیٚ بۆئەو پەیامەی لەلایەن خوداوەندەکان خۆیانەوە بۆی نێردراوە، ئەوپەیامەش فەرمان بەگەلی ئەسینی دەکات خۆیبەدەستەوەنەدات و رادەستی خەونەبیٚ، وپەرەبەتوانستی خۆی بدات بۆئەنجامدانی کاریباشتر لەهەر بارودۆخێکداو ئەم هەستە لای گەل زیندو بکرێتەوە،هەروەها بەنوێکردنەوەی ویستی باڵابوونی بەردەوام بەرەو ئاستینموونەیی،سوکرات ناتوانیٚ واز لەم کارو بارانە بێنیٚ، ئەو ژیانی وابووە. ئەو لەپێناو ئەم ئامانجەدا کاروبارە تایبەتیەکانی خۆی و دەوڵەت ی پشتگوێ و فرامۆشکرد . ئەگەر ئازادی چنگك کەوتەوە ، هەمان کار دووبارە دەکاتەوە ، زۆرچالاکانەو لەدڵەوە .. ئەو سێ تاوانەش کە میلیتۆس لەدژی ئەودا هەڵی بەستبوو، هەمووی هەڵەبوو . میلیتۆس، سوکرات تاوانبار دەکات کە وازی لە خوداوەندی شار هێناوە ، مەبەستی چییە لەم قسەیە ؟ ئایا سوکرات بڕوای بە خوداوەندی تایبەتی ئەسینا نییە یان بەهەر خوداوەندێك ؟ کە پرسیار لەمیلیتۆسکرا و ئەویش بەنەزانی تێی کەوت ، ئەو کاتە سوکرات ی بە ئیلحادێکی تەواو تاوانبارکرد . بەگوێرەی قسەی میلیتۆس، سوکرات گوتوویەتی کەوا خۆر تەنها بەردێکەو مانگیش هیچ نییە بێجگە لە ئەرزێکی هاوشێوەی ئەرزەکەی خۆمان . کە ناخۆشە, سوکرات وەڵامدەداتەوە بە چ حەقێك بیروبۆچونێك دەخرێنە پاڵ ئەو ، کە لەڕاستیدا هی ئەناکسا گۆرە و بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەوەوە نییە؟ سوکرات لەهەر مرۆڤێك زیاتر دەزانێ کەوا خوداوەندێك جیهان بەڕێوەدەبات. ئەگەر نا چۆن دەتوانین پەروەردگارێتی ئاشکراو بەدیکراو لە شتەکاندا شی بکەینەوە وەکو چاو گوێ، قاچ، دەستەکان ؟ لەهەریەکێك لەم ئەندامانە، بەڵگەی جیا لەسەر بوونی پەروەردگارێتی دەبینین . میلیتۆس بەگۆترە و لە خۆڕا سوکرات تاوانباردەکات . بۆچی وادەکات ؟ ((چ بەڵگەیەکە مافی پێداگرتنی پێ دەدا کە من ڕقم لە خوداوەندی کۆمارە ، هەموو خەڵك منیان دەبینی بەشداریم لە رێورەسمی جەژنەکاندا دەکرد و قوربانیشم لای پەیکەرە گشتیە کان پێشکەشکردووە )) ئەی مانای ئەو تاوانبارکردنە چییە بەهێنانە ناوەوەی خوداوەندی نوێ بۆ شار ؟ ئەمە هاودژی یەکی سەیرو سەمەرەیە ! لەبەر ئەوەی بەیەکەوە دانانی هەردوو تاوانبار کردنەکە سەرەکی یەکە کە میلیتۆس پێشکەشی کردن ، هاودژیەکی ناو خۆیی بەدیار دەخات . چۆن یەکێك بە ئیلحاد و بەبێ بڕوایی تاوانبار دەکرێ و لەهەمان کاتدا بەوەش تاوانبار دەکرێ کە بڕوای بەخوداوەندی جیای هەبێ لە خوداوەندی کۆمەڵگا ؟ میلیتۆس ئەم داهێنانە لەکوێ وەردەگرێ ؟ لەوەی کە سوکرات دەڵێ جنۆکەیەکی هەیە پێ ی دەڵێ خۆی لەهەندێ شت بەدووربگرێ . بەڵام ئایا جنۆکە خوداوەندە ،یان کوڕی خوداوەندە؟ بڕواهێنان پێ ی و بەقسەکانی بەهیچ جۆرێ ئیلحاد نییە . تەواو پێچەوانەکەی راستە. باشە بەکام شێوە سوکرات نوێگەری دەکات ؟

((ئایا بەهێنانەوەی خوداوەندی نوێیە بەوەی کە دەڵێ دەنگی خودا لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە و رەفتارەکانم ئاڕاستەدەکات ؟ ئەوانەی داوایی ڕاوێژ لە چریکەی مەل و وشە رێکەوتەکان دەکەن ، ئایا ئەوان رەفتارەکانیان بەپێ ی دەنگەکان رێك ناخەن ؟ کێ دەتوانێ ئینکاری ئەوە بکات بروسکە قسە دەکات ، یان بەهێزترین ئاگاکارە؟ ئەی بەڕێگای دەنگەوە نییە ((بیتی)) لەسەر سەکۆ کەی هۆشداریەکانی خوداوەندی خۆی ڕادەگەیەنێ ؟ بێگومان هەریەکێك وەکو من بیربکاتەوەو دانی پیابنێت ، خوداوەندێتی ئایندە بەدیار دەخات و هەرکاتێ بیەوێ بڕیاری لێدەدا . بەڵام ئەوەی پێشبینی ئایندەی پێدەکرێ ، ئەوانی دی پێی دەڵێن سروودی چۆلەکەکان ، وشەیەکی بەڕێکەوت سەیر پێشبینی،

بەڵام من پێی دەڵێم جنۆكە ، لەبەر ئەوەی من ئەم ناوەی لەسەر دادەنێم ، وابزانم من لەوكەسانە ئايندارو ڕاستگۆترم كە توانای خوداوەند بۆ چۆلەكەيەك دەگەڕێننەوە !)) نەك لەبەر ئەوەی سوكرات جاروبار سوێند بە (سەگ)) دەخوات ، دەكرێ لێكبدرێتەوە كە ئەو سەگ بە خوداوەندێتی دەزانێ .. بەم شێوە دەبينين كە هەدوو تاوانباركردنەكەی ميليتۆس نەهەق و بێ بنەماو سەلماندنن ، تاوانباركردنەكەی سێ يەميش لەوانی پێشوو بێهوودەترە .




(بەدخوكردنی گەنجان)! مەبەستيان چی بوو لەمە ؟ ئايا بەمە ويستيان بڵێن كە سوكرات بەئەنقەست و زانينێكی پێشوەختە، بەم ئاڕاستەيەدا كاری كردووە ؟ وەكو بڵێ ی ئەوان نيازی سەيرو سەمەرە بۆ سوكرات دەگەڕێننەوە ! باشە چ سودێك دەبينين ئەگەر بەدڕەوشتیلای ئەوانە پەرەپێ بدەين كەلەگەڵياندا دەژين ؟ ئايا ويستيان بڵێن سوكرات بەدكاری ڕەوشت بو بەنابەدەست ؟لەم دۆخەدا ، ئەو تاوانبار نييە لەبەر ئەوەی گوناه لەكوێ يە ئەگەر لە ويست وئيرادەيەكەوە سەرچاوەی نەگرتبێ؟ ئای چەند قێزە ونە بەناهەق تاوانباركردن! ئايا سوكرات بێجگە لە دانايی و ميانگيريی و مێرچاكی و داد پەروەری و دۆستايەتی، ئامۆژگاری ديكەی هەبووە؟ ((پێيان دەڵێم هونەر سەرچاوەی چاكە مەندی نييە، بەپێچەوانەوە، چاكەمەندی سەرچاوەی هونەرە، هەر لێرەوەش هەمووچاكە گشتیو تايبەتەكانی دی لەدايك دەبن، ئەگەر ئاوەها ويستبێتم بەقسەكانم گەنجەكان بەدخو بكەم، بەجێيە كە ئەم دادگايی كردنە بڕيارەكەی زەهر بێت، يان ئەگەر بڵێن من شتێكی ترم گوتبێ، ئەوان فێڵ لە خۆيان دەكەن وپاڵ بە ئێوەشەوە دەنێن تاوەكو فريو بدرێن و فێڵتان لێ بكرێ)) سوكرات نەك هەر بە قسەكانی، بەڵكو بەهەموو كردەوەكانی ژيانی، بەشداريی لە بڵاوكرنەوەی چاكەمەندی دەكرد، دەبێ كێ سكاڵای بەدكاری لەسوكرات بەرز بكاتەوە ؟ ئايا ئەوانەبوون كە شاگردی ئەوبوون و ئەوانەش كە هێشتا شاگرد بوون ؟ سوكرات ناوی هەندێك لەوان دێنێ كە ئامادەن . ئايا ئەوان خزم و كەسی قوتابيە كانی بوون ؟ نەخێرو ديسان نەخێر ، ئەوان هەموويان برادەری بڕوا پێكراون و دان بە چاكەكانی سوكراتدا دەنێن .

بەڵام جۆرێك لە نارەزايی هەيە كە ئەويش رەفتارەكانی كريتياس و ئەلسيپيادن ، ئەوانەی كاری خراپيان دژ بە وڵاتی خۆيان ئەنجامدا ، بەڵام ئايا مامۆستا بەر پرسيارە بەرامبەر هەر كردارێكی ئەوانەی فێريان كردووە؟ نەخێر ، سوكرات گەنجەكانی بەدخوو نەكردووە. بەڵكو هەموو هەوڵێكی دا بۆ باشتر كردنی . سەرەڕای ئەوەش ميليتۆس بەتەواوی نازانێ گەنجان دەبێ چۆن رفتار بكەن هەتاوەكو باش بن، هەروەها ئەو رێگاو هۆكارانەش نازانێ كە دەبنە مايەی باشتربوونيان .

بەڵام چۆن توانرا سوكرات بەشتێك تاوانبار بكرێ كە خۆی لەو ساتە وەختە پێی تاوانبار بوو؟ باشە ئەگەر بەڕاستی ژيانی هەمووی خاكی و سادە بێ ، دەبێ كێ بيری لە پەلكێش كردنی كردبێتەوە بۆ دادگای گەل؟ سوكرات دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسيارەش بداتەوە . يەكەمين كەس هێرشی كردبێتە سەری ئەريستۆڤان بوو ، تاوانباری كرد بەوەی كە وون بووە لە نێو زانستەكانی ئەستێرەناسی، ئەو زانستانەی ناتوانين هيچ شتێكيان لە بارەوە بزانين، ئەمەوای لێكرد ببێتە سۆفيست و خەڵكی فێرە هونەری بڕوا هێنان بكا كە كە جەوروستەم بەدادمەنديی بزانن و بەپێچەوانەوەش، بەم جۆرە سوكرات لەگەڵ فيزياگەر و سۆفيستەكان تێكەڵاو كرا ، لە كاتێكا ئەو بەتەواوی لەگەڵ ئەوان جياوازبو. هۆكارە راستەقبنەكان بۆ ورووژاندنی ئاگری دوژمنايەتيەكان دژبە سوكرات لە جۆرێكی تربوون. شيريفۆن شاگرد و برادەری بڕوا پێكراوی سوكرات بوو، چو بۆ دەلەف و لەوێ ڕاوێژی بە فاڵگرەوەيەك كرد و لێی پرسی دەبی كێ لە هەموو خەڵكانی زيندوو دانا تر بێ . (بيتی) وەڵام دەداتەوە وناوی سوكرات دەبات. شيريفۆنيش ئەم قسەيەی بۆ دەگێڕێتەوە. لێرەوە پيشەكەی دەست پێدەكا . لە راستی دا ئەو هەستی دەكرد كەوا زۆر نەزانە و ژيری يەكەشی كزە، بۆيە تێدەكۆشا بۆ بەجێگەياندنی قسەی فاڵگرەوەكە، ئەمەبوو هەر پرسياری لە

ئەم و ئەو دەکرد لەپیاوانی سیاسەت ، هەڵبەستڤانان ، گوتار بێژان ، هەمیشە هیوای ئەوەی دەخواست هەندێ کەس لەنێویاندا بدۆزرێتەوە بەسەری دا زاڵ بێن، بەڵام بە ئەزموون و تاقی کردنەوە بۆی ئاشکرا بو ، ئەگەر ئەو خۆی هیچ نازانێ ، ئەوە ئەوانی دی لەو زانا تر نین ، بە ڵکو ئەو بەیەك شت لەوان سەرکەوتووترە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە شتێك دەزانن ، بەڵام ئەو بەلانیکەم دەزانێ کەوا هیچ نازانێ ..

خەریکبوونی بەم پرسیارو بەدواداچوون و تۆژینەوانە ، بووە هۆی کە دوژمنی سەرسەخت بۆ ئەریستۆ پەیدا بێن، لەبەر ئەوەی ئەوانەی وای بۆ دەچوون کە شت دەزانن و ناچار دەکران لە نەزانی خۆیان بپێچنەوە، بە تەواوی ئەم کارەیان بەدڵ نەبو تا مردن رقیان لەوە بوو کە لە کۆتایی ئەوانی خستە دۆخێکی گاڵتە جارییەوە ، لێرەوە راچاندنی پیلانە چەپەڵەکان دەستی پێکرد. ئەوەش کە مەترسییەکەی زیاتر کرد ، سوکرات هەرگیز ئەو ئیش و کارانەی رانەدەپەڕاند ئەگەر بەبۆچوونی ئەو دادپەروەرانە نەبوونایە .. ئەو ملکەچبوونی بۆ فەرمانەکانی کریتیاس و چارکلیس رەتکردەوە لە سەردەمی سی ستەمکارەکە ،رازی نەبو بەو دەنگدانەی بۆ مەحکوم کردنی حەوت ژەنەراڵەکە ، لە بەر ئەوەی دوای شەڕی ئەرگینۆزی دەریایی تەرمەکانیان کۆ نەکردبۆوە . دیسان سەر کێشی بەژیانی خۆی کرد و هەندێ کرداری پۆلیسی پەرەتەستۆ کرد کەلەلایەن سی یەکەوە داهێنرا بوون بۆ ئەشکەنجە دان و لەناوبردنی هاوڵاتیانی بێتاوان . زۆر بە رەق و ئاشکراش رەخنەی لە هەندێ نەریتی دیما گۆگیانەی ئەسینا گرت . تیرو پشك دەهاوێژرا بۆ دیاری کردنی رێبەرو سەرپەرشتیارانی کارو فرمانە سەرەکی یەکان . ((شتێکی قۆڕو بێ مەعنایە ،سوکرات دەیگوت، دەنکە پاقلەیەك بڕیار لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکانی کۆمار بدا.

و تیرو پشك بۆ کاپتنی کەشتی و ئەندازیار و بۆ بلوێر ژەن و هونەرمەندانی تر نەکرێ ئەوانەی هەڵەکانیان مەترسی یەکەی زۆر کەمترە لە هەڵە کانی فەرمانڕەواکان )) .

ئەمانە هەمووی هەورو هێڵی گرداو ئەو باهۆزەی پێکهێنا ،کە کۆتایی بە ژیانی سوکرات هێنا ، ژیانی قوربانی یە بێتاوانە کە. ئەمە هێڵە جوهەریەی هاوبەشەکانی نێوان دوو بەرگری کردنە لە سوکرات کە لە بەردەستماندا . ئەگەر داوا بەرز کردنەوەکە گواستنەوەی ریز بە ریزیش نەبێ سوکرات بەدەمی خۆی گوتبێتی، ئەوە بەلانیکەم ئەو ناوەرۆکە لە خۆ دەگرێ ، کە دەکرا یان دەبو،بیری لێ بکردایەوە .. ئەنجامەکەشی شتێکی دڵخۆش کەر بو ، دەبوایە لە سەرەتا دادگا ئەوە دیاری بکات ئەگەر سوکرات گوناه بار بێ یان نا .(٢٨١) کەس لە دژی ئەو دەنگیاندا و (٢٧٥) کەسیش لایەن گری ئەو بوون .. شتێکی کەم دەبووە هۆی ئەوەی سوکرات بێ گوناه دەرچێ . لە و ساتە وەختە رووداوی تەنگانەکەیە . دوای ڕاگەیاندنی بڕیار ی دادگاییکردنەکە . وەکو گوتمان دەبوایە تاوانبار خۆی وەڵامی پرسیارێك بداتەوە لەبارەی سزادان بۆ ئەوەی خۆی سزادانی شیاو بەخۆی هەڵبژێرێ ، ئەوە بو سوکرات زۆر بەزبری و بێ منەتی بۆ چوونی خۆی لەبارەی بابەتەکەوە خستبووە ڕوو . ئەو نایەوێ بنێردرێتە تاراوگە ، ناتوانێ ئەو پارەیەش بدات کە لە ((مینە)) یەك زیاتری دەکرد راستە هاوڕێکانی ئامادەیی خۆیان پیشان دابو لە جیاتی ئەو پارەکە بدەن . بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو ڕەتی کردەوە ، هەرچەند بیری لەمەسەلەکە دەکردەوە ئەوەی دەهاتە پێش چاو . لەبەر ئەوەی دەستی لە کاری چاکە هەڵنەگرتبو لە پێناو نیشتمانەکەی ، ئەوە یەك سزا هەیە شایانی ئەو بێ : هەتا دەمرێ لەسەر حیسابی دەوڵەت لە ((بریتانی)) بخواتەوە .

ئەنجامی ئەو بەربەرە کانێ گاڵتە ئامێزە خێرا بو ، دوای کە سوکرات بەزۆرینەیەکی کز وەکو گوناهبار راگەیەنرا ، بەزۆرینەیەکی چڕحوکمی مردنی بەسەرادرا ،سوکرات بەوە نەشڵەژا ، پێشبینی ئەوەی بۆ ئەسینییەکان کرد کە زۆر نابا داخێکی گەورەی پەشیمانی بۆ ئەو هەڵوێستەی خۆیان هەڵدەکێشن کە دەرهەق بەویان نواند. سوکرات ئەوەش دووبارە دەکاتەوە کە مردن شەڕ و خراپ نییە ، لەبەر ئەوەی خۆی پیرو بەساڵاچووە لەوانەیە مردنەکەی ئەو خێرێکی مەزن بێ . ئەمەو رێو رەسمی دادگایی کردنەکە بە کۆتا هات . سوکرات بەرەو زیندان بردرا، کە لەوێ لەژێر چاودێرێی یازدە کەس بو، دەبێ حەددێك بۆ رۆژگاری خۆی دابنێ و ژەهر بخواتەوە ، بەڵام لەبەر رەوشێکی نائاسایی جێ بەجێ کردنی حوکمەکە دوادەخرێ. هەمووساڵێك ئەسینییەکان کەشتی یەکیان دەنارده دیلۆس . لەسەرەتای

((فایدۆن))، ئەشیکرات پرسیار دەکات : ((دەبێ ئەم کەشتی یە چیبێ ؟)) فایدۆن وەڵام دەداتەوە : (( ئەو بەپێ ی قسەی ئەسینی یەکان هەمان ئەو کەشتیە یە تیزی تیایدا بەر لە ئێستا هەر حەوت کوڕو حەوت کچەکەی گەیاندبووە کریت ، کە لە ((مینۆتۆر)) رزگاری کردبوون لە میانی خۆقوتار کردن لە دەستیدا . دەگێرنەوە کاتێ بەرێدەکەون ، ئەسینی یەکان لای ئەپۆلۆن نەزرێکیان بۆ دەگرن ، کە ئەگەر تیزی و هەڤاڵانی لە مردن رزگاریان بێ ئەوە هەموو ساڵێك گەشتێکی میهرەجان بۆ دیلۆس رێك دەخەن ؟ ئەوان لەو کاتەوە ، تەنانەت جارێکیش لە بەجێ گەیاندنی ئەم نەزرەیان دوانەکەوتووەن ، لە گەڵ داهاتنی وادەی میهرەجانەکە ، یاسا یەك هەیە بۆ ئەوەی شار پاك بێ ، رێگا نادات هیچ حوکمێکی مردن جێ بەجێ بکرێت هەتا کەشتیەکە نەگاتە دیلۆس و ئینجا نەگەڕێتەوە ئەسینا ، هەندێ جاریش کە ئاوو هەوا ناخۆش بێ گەشتەکە زۆر دەخایەنێ ، ئاهەنگك و ڕێ ورەسمی میهرەجان و بەرێکردنەکە لە و کاتەوە دەست پێ دەکات کە کاهین ی ئەپۆلۆن تاجێك لە سەر کەژاوەی سەرەتای کەشتیەکە دابنێ ،ئەم ئاهەنگەش – شەوێك بەر لە حوکمکردنی سوکرات –- ساز کرابو . ئەمەش بووە هۆی درێژبوونەوەی ژیانێك بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ ، کە لە میانی ئەو سی ڕۆژەدا سوکرات ئەفسانە کان ی ئیزۆپ ی لە شێوازێکی شعری‌دا دانا ، دیسان برادەرە کانیشی لە و ماوەیەدا هەوڵیان دەدا ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ رزگار کردنی . لێرە شەوەیە سەرچاوە گفتو گۆ ورووژێنەرەکە کە ئەفلاتۆن ناوی نا ((کریتۆن)) . کریتۆن برادەرێکی کۆنی سوکراتە ، برادەرێکی دەوڵەمەند ، برادەرێکی بەهەڵمەت هەموو ئەرکەکانی ساز کردبو، بەجۆرێك ئەگەر سوکرات بیویستایە رابکات دەیتوانی. هەرلەکات ژمێری یەکەم ، لە ناکاودا لە زیندانی سوکرات، کەشتی دیلۆس بەدیاردەکەوێ کە هیچی وای نەماوە بگەڕێتەوە بیریە، بۆیە دەرفەتی ئەوەنەماوە کات بەفیڕۆ بدرێت، سیمیاس ((تیبی)) پارەی پێویستی هێناو سیپیس و هەندێکی تریش کەوتنە هەمان دەست و برد کردن ، دایان نابو ئەگەر سوکرات بیەوێ ڕووبکاتە تیسالیا، لەوێ کەسانێك هەبوون خۆیان بۆ پێشوازیکردنی ئامادەکردبو، بابیرلە برادەرەکانی و ماڵ و منالەکەی بکاتەوە، شەوی دابێ پێویستە هەموو شتێك جێبەجێبکرێت. ئەگەر دواکەوتین ئیشەکە سەرناگرێ و هەرچی ئەوەی کردوومانە بە فیڕۆ دەچێ! بەڵام سوکرات نایەوێ رابکات، ئەمەش ئەو هۆکارانەیە کە ئەفلاتۆن وەکو پاساو بۆ بڕیارەکەی سوکرات باسی دەکات . سوکرات هەمیشە بەگوێرەی بنەماکانی دادپەروەری هەڵس و کەوتی کردووە . ئەو پرسیارەی ئاڕاستەی دەکرێ بەم شێوەیە : ((ئایا دەتوانم بەبێ ئەوەی پشت لە عەقڵ بکەم ، ئەوەی ئەوان پێشنیاری دەکەن بیکەم و رابکەم و خۆم نەجات بدەم ؟ ناتوانم ئەو بیرو باوەڕانە وەلانێم کە بەدرێژایی ژیانم بانگەشەم بۆ کردووە لە بەر ئەوەی ئەمڕۆ موسیبەتێکم بەسەر هاتووە . من هەمیشە و بەهەمان چاو ، روو لە باوەڕەکەم دەکەم ؟ لەبەر ئەوەی وەکو جاران هەمان شکۆ و هێز و توانستی پێوە دیارە ، ئەگەر لەو باوەڕە باشتر نەبێ وەکو ئەلتەرناتیڤێك،باش بزانە ورە و خۆڕاگریم پێ لەق ناکەی...))


ئەفلاتۆن

ئەگەر تۆ پارە بەو کەسانە بدەی کە ڕزگارم دەکەن و هەندێ ئەرکیش لەسەر من بسەپێنێ بەرامبەر بەوان ،ئایاتۆ دەبینی ڕەفتارمان لەگەڵ دادپەروەری دا یەك دەگرێتەوە ، یان هەمووومان من و ئەوان لەدژی دادپەروەری ڕەفتار دەکەین ، لەم دۆخەدا پێویستە لێرە بمێنینەوە و هەموو شتێك لە ئەستۆ بکرین هەتا مردن . بەم شێوەیە پرسیارەکە دووچاری وەڵامێکی یەکلاکەرەوە هات یاسا بەناو بانگەکان ئەمەیان خستۆتە روو . ((لە ساتە وەختی ڕاکردنمان ، یان وەکو چۆنت پێ خۆشە بڵێ ی لەکاتی دەرچوونماندا ئەگەر یاسا کان و کۆمار خۆیشی ڕێی گرتین و پرسیاری لێکردین :

سوکرات ئەوە دەتەوێ چی بکەی ؟ ئایا ئەم کارەی تۆ هەموو شتێك لە ناو من و ئێمە و هەر هەموو دەوڵەت بەتەواوەتی سەرو بن ناکا ؟ کامە دەوڵەتە دەتوانێ بەردەوام بێ, ئەگەر یاسایە ڕاگەیەنراوەکانی بێ هێز بن و خەڵك پێ ی پیابنێت .چ وەڵامێکمان دەست دەکەوێ کریتۆن لە بەرامبەر ئەم لۆمەی وریا کردنەوەدا )). لە وانەیە بیری وەڵامدانەوەمان بەخەیاڵدابێت ئەگەروا رەفتارمان کرد ،((کۆمار ستەمی لە بەرامبەر کردووین و حوکمەکەی دادپەروەرانە نەبووە )). بەڵام ئەمە هەڵوێستی یەکێکی تاوانبارە ، لەبەر ئەوەی(( یاساکان دەڵێن چی؟ ئایا ئێمە لەسەر ئەمە رێککەوتووین ،یان رێککەوتووین تۆ ملکەچی ئەو فەرمانانە بیت کە کۆمار بڕیاری لەسەر دەدات . هەر بیانوهێنانەوەیەك بۆ دژایەتی کردنی ،رووخاندنییەتی . لە ڕاستیدا تۆ قەرزاری ئەویت بە ژیان لە بەر ئەوەی سەرپەرشتی ی هاوسەرێتی مالباتەکەی تۆی کردووە ، ئەو پەروەردە کرد – نەش کەتۆ وەرت گرتووە ، یاساکان فەراهەمیان کردووە . ئەو بۆ تۆ باوکانەیە وەکو باوکی تایبەتی خۆت . دەبێ لەبەرامبەریدا ڕێز بنوێنێ وەکو چۆن ڕێزت هەیە بۆ باوکت ، دەبێ ڕێز لە نیشتمان بگری لەکاتی تورە بوونیدا ، دەبێ بایەخ و ملکەچی یەکت بۆی هەبێ زیاتر لەوەی بۆ باوکت هەتە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەی نیشتمان بگەڕێنیتەوە سەر رێگای ڕاست و ڕەوا بە قەناعەت پێکردن، یان ئەوەتا بە گوێ ڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی .... لە مەیدانی جەنگ و بەرامبەر دادگاو لە هەر ئان و ساتێك ، دەبێ یان ئەوە تەواو بکرێ کە کۆمار دەیەوێ ، یان گرتنە بەری ئەو شێوازانەی قەناعەت پێهێنان کە یاسا رێگایان پێ دەدا)). ئەگەر هەموو ئەوانەی گوتران ڕاست بێ ،ئەو کاتە ئەنجام شتێکی حەتمی یە ، لە بەر ئەوەی کۆمار حوکمی دادگای بۆ دەرکردووین ، و لەبەر ئەوەی ئێمە نەمانتوانی قەناعەتی پێبکەین کە ئەوەی کردوویەتی ناهەق و ستەم بووە، هیچ دەرفەتێکمان لەبەر دەمدا نەمایەوە کە دادپەروەربین ، تەنها بەوە نەبێ کە ملکەچی بین و ئارامەمان هەبێ لەبەر دەم ئەو حوکمەی بۆمانی براندۆتەوە . دەنا یاساکان دەڵێن : ئەمە رەفتاری ((کۆیلەیەکی بێزراوە)) رابکەیت و (( سووك لە ورێککە وتننامەو ئەرکە پیرۆزە بڕوانی کە ملکەچی ئیمپراتۆریە کەمانت دەکەن)). ئەم پرسیارەش دەخەیتە روو : ئایا سوکرات بەڕاستی بۆ ئەوە دەچێ ، کە ئەگەر رای کرد ، بۆ خۆی قازانجێکی ڕاستە قینەوە بۆ ئەوانی دیش سوودێکی راستی دەبێ ؟ ((سەبـــــــــارەت



برادەرەکانت، بێگومان دووچاری مەترسی ڕاگواستن و لەدەستدانی مافی هاولاتێتی و نەمانی موڵکەکانیان دەبن ئەوەی تایبەت بێ بە خۆتەوەش . ئەگەر خۆت گەیاندە شارێکی لە و دەورو بەرانە ، بۆ نمونە تیب ، و میجار ، ئەوە دانیشتووەکانیان پەروەردەیەکی باڵاوناسکیان هەیە و بەدوژمن سەیرت دەکەن ، هەر هاولاتیەکی دڵسۆز بەقێزەوە سەیرت دەکات و تۆ بە تێکدەری یاساکان دەزانێ ... ئایا تۆ لەو شارەرێك و کۆمەڵگای پیاوانی چاکە خۆت بەدوور دگری؟ ئەو کاتە ژیان ئەوە دێنێت ؟ ئەگەر تێکەلاویشت لەگەڵیاندا کرد ، دەبێ چیان پێ بڵێی سوکرات ؟ ئایا جورئەت دەکەی هەمان ئەو قسانەی لێرە دەتکرد دووبارەیان بکەیتەوە ، لەوەی کەنابێ شتێك سەبارەت بەمرۆڤەوە لەسەر چاکە مەندی و دادپەروەری و یاسا و بڕیارەکاندا بنرێ؟ دواتر لەو تەمەنەی خۆت ، پێت وانییە کە بەزیادە ڕۆیی یەکی توندەوە ژیانت خۆش ویست دوای کە وات پیشاندا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادەی ؟ ومناڵەکانت کە لێت جیادەبنەوە ،چ سوودێك لەدرێژکردنەوەی بوونت وەردەگرن؟ سوکرات گوێ لە ئامۆژگاری ئەوانە بگرە کە تۆیان پێ گەیاند ، مناڵەکانت و ژیانت و هەر شتێکی دی مەخەرە سەرووی دادپەروەریەوە.. ئەگەر پێشێل ی ئەو پەیماننامەیە بکەی کە تۆی ملکەچی ئێمە دەکرد ، ئەوە تۆ ئەو کەسانە دەخەیتە مەترسی یەوە کە لەسەرتە بیان پارێزی ، لەوانە ، خۆت و برادەرەکانت و نیشتمانەکەت ، هەروەها ئێمەش )).

بەڕاستی ئەمە پارچەیەکی بەناو بانگە . ئەو ئەگەرانە کورت دەکاتەوە کە ئەو قەناعەتیان لای سوکرات دروست کرد مردن بەباشتر بزانێ لەوەی ڕسوا ببێ بەرامبەر بە ویژدانی خۆی لە سەرو بەندی ئەم دیمەنە مەرگە ساتە تەواو دەبێ . فایدۆن ڕوودواوە کۆتاییەکانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ساتە وەختە نزیك دەبێتەوە سوکرات ژەهرەکە بخواتەوە ، وەکو نەریتێك کۆت و بەندەکانی دەکەنەوە و ڕێگا بەخزم و کەس و برادەرەکانی دەدەن بێن . بۆ ماڵئاوایی کردن و بینینی کۆتایی . ئەو زەهر ناخواتەوە هەتا ڕۆژئاوا نەبێ ، ئامادە

بوان زۆرن و هەڵبژێردراوان، لەنێویاندا فایدۆن ، سیپیس ، ئەپۆللۆدرۆ ، سیمیاس ، کریتۆن ، هەندێ ستایش کسانتیپ ی خێزانی سوکرات ، بەڵام ئەفلاتۆن کەبۆ میگار ڕۆشتووە ئامادە نییە ، ئەشیکرات تکا لە فایدۆن دەکات پێ ی بڵێت چی ڕوی داوە . کاتی کردنەوەی کۆت و زنجیرەکەی ، سوکرات وەکو فەیلەسوفێك ڕەفتاری کرد . قاچە ئێشاوەکەی خۆی خوراندو جارێکی دی ئەوەی تاقی کردەوە کە پەروەردگارێتی چێژو ئازاری بەزۆر لەیەکتر مارە بڕیوە یەکێکیان ڕاناوەستێ هەتا ئەوەی تر بەدیار نەکەوێ. ئازار نەچەشتن شتێکی خۆشە ، ئەوەش ئازارەکە خۆشی وەرگرتن ڕابوەستێ . قاچی سوکرات بە ڕوونی ئەم ڕاستی یە بەخۆیەوە دەبینێ . ئاخاوتن بەردەوام دەبێ ، سوکرات کاتی ڕۆژ ئاوابوون دەمرێ ئەی باسی چی بکرێ بێجگە لە و چارەنووسەی چاوەرێ ی دەکات ، ئایا مردن کۆتایی هەموو شتێکە ، ژیان ، گیان ، بیرەوەریەکان ؟ ئایا ئەمە بەپێچەوانەوەیە ، دەرباز بوون بۆ بوونێکی دی گیان تیایدا بژی ، ئازاد بێ لەگشت کۆیلەییەکانی جەستە ، لە جێگا نادیارەکاندا؟ سوکرات ئەم بۆچوونەی پێ ڕاستە ، بۆیە زیاتر گفتو گۆی لەسەر دەکرێ . ناچینە سەر ئەو گومانە کە ئەو بەڵگانەی ئەفلاتۆن لەسەر زاری سوکرات دەیانگێڕێتەوە لەدانانی خۆی بێت ، یان ئەو ئاگاداریان بو ؟ ئایا ئەوە سوکرات بو دەیبینی کە دژ لەدژەکەی خۆیەوە دێت ، بەجۆرێك ئەگەر مردن لە ژیانەوە بێت ، پێویستە ژیانیش لە مەرگەوە بێت ، ئایا ئەو گوتویەتی دژ ناتوانێ دژەکەی لەناو خودی خۆیدا ڕاگرێ ، بەجۆرێك کە گیان بنەمای ژیانە ، ناتوانێ مەرگ لە خودی خۆی دا هەڵگرێ کە هاودژیەتی ، ئایا ئەو ملکەچی تێۆری وەبیر هێنانەوە بووە کە زانست بە وەبیر هێنانەوەیەك دەزانێ و هیچی تر ، گیان پێش لە دایکبوون هەبووە و دوای مردنیش بەردەوام دەبێ . هەرچۆنێك بێت ، سەرەڕای هەڵوێستی سیپیس ، گیان هی جەستە نییە وەکو چۆن ئاواز بۆ ئامێری عود ! ئایا ئەو سروشتی سادەی گیانی بەهاودژ بینیوە لەگەڵ سروشتی پێکهاتەی جەستە و گەیشتبێتە ئەو دەرەنجامی جەستە تێکدەچێ لە بەر ئەوەی دەپووکێتەوە بەڵام گیان ناشێ تێك بچێ لەبەر ئەوەی سادە پەرت نابێ . لەهەموو ئەم ئاخاوتنانەدا فۆرمی میتافیزیکی بەتوندی دیارو ئاشکرایەو خستنە پاڵ و گەڕاندنەوەشیان بۆ سوکرات ئاسان نییە

بەرامبەر بەوە لەوانەیە بۆ ئەوە چووبێ کە مردنی جەستە مردنی گیانی ناگەیەنێ ، بڕوابونیش بە بەردەوامێتی گیان نەریتێکی دێرین بووە ، کە ناکرێ ئەگەر لەسەر بەڵگەی بەهێز رانەوەستابێ ، بێگومان ئەو بووە کە رایگەیاندووە: ئەوە سەرکێشی‌یەکی جوانە ، سەرکێشی لە بڕوا هێنان بە بەردەوامێتی گیان وئەوەی لەبارەی دۆزەخەوە دەگوترێ ، ئەوە سەرکێشی‌یەکی جوانە . کەواتە بۆ دەبێ خود لێ ی بێ بەش بێ ؟ بۆ دەبێ خۆمان لەو بیرکردنەوە بەدووربگرین کە ئێمە دوای ژیانی دنیامان چاکەکاران ببینین پاداشت کراوبن و خراپەکارانیش سزادراو ؟ بەم شێوەیەش لەگەڵ گریمانەکەی کەئەوە هەڵەیە، ئەوەی دەشمرێ هەڵەکەی خۆی بۆ ئاشکرا ناکرێ. مردن یان نەمانی هەموو هۆشیارییێکە، کەدواجار دەکاتە هیچ. یانیش هۆشیاری لەدوای مردن بەردەوام دەبێ، ئەوکاتەش هۆشیاری بە و یژدانێکی خۆ شەوە پێشوازی مەرگ دەکات. پێدەچێ سوکرات لەسەرئەم هزر و بیرانە رۆیشتبێ و بەهەندێ لەرۆشنی گوزارشتی لێوە کردبێ. ئاخاوتن بەردەوام دەبێ هەتا رۆژئاوابوون. ئەوەساتە وەختی ئێشانە، دیسان ساتەوەختی پاکی و بەجەرگییشە، ئەفلاتۆن دیمەنەکەی بەسادەییەکی‌زۆر خستۆتە روو کە گوناهە یەك وشەی گێرانەوەکە بگۆڕدرێ،لەگەڵ ئەوەی دەقەکە درێژە پێمان باشە لێرە داینێین بەجۆ رێك کەلەگەڵ پارچەو رستە دەر هێنراوەکان دابنرێن. ئەوە چیرۆکێکە دەکرێ ناوی بنێین ئازارەکانی سوکرات . پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە ئەم شتانە ، رێك وەکو ئەوەی من باسمکردووە . شایانی پیاوێکی ئاقڵ نییە . بەڵام ئەگەر هەموو ئەوانەی بۆم گێرانەوە دەربارەی گیان و جێگاو رێگای گیان ، ئەو بەو شێوەیە یە کەگێراومەتەوە یان بەشێوەیەکەوەکو ئەو ، ئەگەر وابێ گیان نامرێ ، منیش پێم باشە کار بەم بۆچوونە بکرێ ،

کێشەکەش شایان بەوەیە سەرکێشی ی بڕواپێهێنانی بۆ بکرێ : ئەو کێشەیە سەرکێشی یەکە باش بکرێ ، لەگەڵ داوایەك کە پێویستە خۆمان بدەینە دەست سیحرەکە ی. ئەوە ئەو هۆکارەیە کە دەمێکی درێژە وای لێکردووم بەردەوام بم لەسەر ئەم ئاخاوتنە . دەبا ئەو کەسە متمانەی هەبێ ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی ، خۆی لە خۆشی و چاکەکانی جەستە

بەدوور گرت وەك ئەوەی نامۆ بێ یان مەیلی خراپە یان هەبێ . ئەوەی خۆشیەکانی زانستی وخۆی بە جوانکاریە خواستراوەکان قۆز نەکرد ، بەڵام خۆی بەوانە گەشاندەوە کە لە خەسڵەتەکانی گیانن وەکو میانگیریی – دادپەروەری – هێز – ئازادی و راستی . دەبێ بەهێمنی چاوەڕوانی ساتە وەختی رۆیشتنی خۆی بکات بۆ جیهانەکەی تر ، وەکو وایە ئامادە بێت بۆ سەفەر کاتێ قەدەر داوای دەکات ، بەڵام ئێوەش هەردووکتان سیمیاس و سیپیس ،هەروەها ئێوەش ئەوەی لێرەن و هەرکەس ئەم سەفەرەی‌لەپێشە لە ئان و ساتی خۆیدا ، بەڵام من قەدەر ئەمڕۆ بانگم دەکات ، وەکو چۆن شاعیرێکی تراژیدیك ئەمە بڵێ، کاتی رۆیشتن بۆ گەرماو نزیك بۆتەوە ، پێموایە باشترە بەر لە زەهر خواردنەوەکە خۆم بشۆم، تاوەکو ژن بەشووشتنی تەرمێکەوە هیلاك نەبن . دوای کە سوکرات لە قسەکانی بووەوە ، کریتۆن پێی گوت: "دەی پەنا بەخوا سوکرات . بەڵام تۆشتێکت هەیە پێمانی راسپێری ، بە من و ئەوانی دی وەکو وەسیەت دەرهەق بەمناڵەکانت ، یان دەربارەی هەرشتێکی تر بتوانین خزمەتێك پێشکەشی بە تۆ بکەین"

"سوکرات، من ئەوەتان پێ رادەسپێرم کە هەمیشە پێم راسپاردوون و هیچی تر : بایەخ بەخۆت بدە، لەبەر ئەوەی خزمەت لەمەدایە بۆ من و ماڵباتەکەی من و هەروەها بۆ خۆشت ، ئەگەر ئێستا هیچ پەیمانێکیشم پێ نەدەی . بەڵام ئەگەر خۆت فەرامۆش بکەیت و ئەوە بەجێ نەگەیەنیت کە ئێستا گوتمان و ئەوەی بەرلە ئێستابە دەمێکی درێژ گوتومانە، دەبێ پەیماندان چ سوودێکی هەبێ، بێگومان خزمەت بە هیچ شتێك ناکات. کریتۆن وەڵامی دایەوە، هەمووهەولێکمان دەخەینە گەڕبۆ بەجێ گەیاندنی ئامۆژگاریەکانت،بەڵام چۆن بتنێژین؟ تەواوبەشێوەیەك تۆ حەزت لێ بێ، گوتی، ئەگەر توانیتان بمبەن. دوای ئەوە، لەهەمان کاتدا، بەزەردەخەنەیەکی گەشی پڕ لوتفەوە سەیرمان دەکا: برادەران نازانم چۆن بتوانم کریتۆن قەناعەت پێ بێنم کەمن هەمان ئەوسوکراتەم بەشداری کۆڕە رازاوەکانتان دەکا و هەموو بەشەکانی گوتارەکەیشی رێکدەخات! کریتۆن هەردەم وای بەخەیال دادێت کەمن ئەوەم دوای کەمێکی‌تر بەمردوویی دەیبینێ، پرسیاریشم لێ دەکا چۆن بمنێژێ؟ هەمووئەم گوتارە درێژەی تا ئێستا پێم راگەیاندن، بۆ ئەوەیە بیسەلمێنم ، من دوای کە زەهرەکە دەخۆمەوە ، چیتر لە گەڵتان نامێنمەوە ، بەڵکو دەڕۆم لەلاتان

و دەگەمە خۆشنوودیەك باس ناكرێ ، وەك ئەوەی گوتبێتم هەموو ئەو قسانەی كردم ونكردنێكە سەبارەت بەو ، هەروەكو چۆن من هیچم پێ نەدەكرا بێجگە لە سەرە خۆشیكردن لە ئێوەو و سەرەخۆشی كردن لە خۆم . كەواتە ئێوە كە فیلم بن لای كریتۆن ، بەڵام بەڕێگایەكی تەواو جیاواز لەوەی ئەو ویستی بۆم لای دادوەرەكان بیخاتە روو : لەبەر ئەوەی ئەو لەجیاتی من وەڵامی دایەوە كە من هەرگیز ناڕۆم ، ئێوە بەپێچەوانەوە ، لە جیاتی من وەڵام بدەنەوە كەوا من كاتێ مەرگم پێ دەگا ، ئەوسا من دنیام جێهێشتووە ، هەتا وەكو كریتۆن شتەكان بەشێنەیی وەرگرێ ، كاتێ جەستەم دەبینێ دەسوتێنرێ یان دەخرێتە ژێر گڵەوە ، بۆ من خەم داینەگرێ وەكو ئەوەی من قوربانی عەزابە گەورەكان بم ، با لە پرسەكەشمدا نەڵێ كەوا یارمەتی سوكرات دەدات ، دەیگوازێتەوە ، دەینێژێ ؟ لەبەر ئەوەی دەبێ بزانی كریتۆنی ئازیز ، قسەی ناڕاست تەنها لێدوانێكی هەڵە نییە دەربارەی شتەكان ، بەڵكو خراپەیەكە دژ بەگیانەكان دەكرێ ، دەبێ زیاتر خۆڕاگربیت و ئەوە بڵێیت كە خۆت جەستەی من دەنێژی . بینێژە وەكو خۆت پێت خۆشە ، بەو شێوەیەی پێت وایە زیاتر لەگەڵ یاساكان دەگونجێ .. لەو قسانەدا بوو، هەڵساو بەرەو ژوورەكەی تەنیشتەوە چوو بۆ ئەوەی خۆی بشوات . كریتۆن بەدوایدا ڕۆشت و سوكرات تكای لێ كردین چاوەڕێی بكەین بۆیە چاوەڕوانمان كرد و ئەو قسانەی ئەومان لەنێوان خۆماندا باس دەكرد ، هەروەها لێیان رادەماین ، دیسان باسی ئەو كۆستە ترسناكەمان دەكرد كە بەسەرمان دێت ، بەڕاستی خۆمان وەكو ئەو منالأنە دادەنا باوكیان لەدەست بدەن و ژیانیان بە هەتیوی بەسەر بەرن . دوای كە لە گەرما و دەرچوو، كوڕكانی چوون بە پیریەوە ، ئەو سێ كوڕی هەبوو دوانیان منالْ بوون و یەكێكیانیش تەمەنی هەبوو، هەروەها ئەو ژنانەش چوون بۆ لای كە لە خزم و كەسی خۆی بوون ، تۆزێ قسەی بۆكردن لە حزووری كریتۆن و فەرمانەكانی خۆیشی ئاڕاستە كردن ، دوای ئەوە بە ژن و منالەكانی گوت ئەو ناوە بەجێ بهێڵن ، گەڕایەوە لە گەڵماندا دانیشت و ئەو كاتە رۆژ ئاوا بوون نزیك ببۆوە ، كاتێ گەڕایەوە لەسەر جێگاكەی خۆی راكشا ، كاتێكی وای بەدەستە نەبوو شتێكی گرنگمان پێ بڵێ : لەبەر ئەوەی لە هەمان كاتدا خزمەتكاری یازدە هاتەژوورەوە و لێی نزیك بۆوە و پێی گوت : سوكرات ، هیوادارم ناچار نەبم هەمان ئەو قسانەت ئاڕاستە بكەم كە ئاڕاستەی ئەوانی دیكەشی دەكەم، لەبەر ئەوەی كاتێ لێیان دەچمە پێشێ بۆ ئەوەی فەرمانی دادوەرانیان وەبیر بێنمەوە لەبارەی خواردنەوەی زەهەر ، بەتوڕەییەوە لەدژم رادەپەڕن و جوێنم پێ دەدەن . بەڵام تۆ لەوەتەی هاتووی بۆ ئێرە ، تۆم بینیوە هەمیشە لەوان دلێر ترو خۆش مەشرەب تری ، باشتریشی لە هەر هەموو ئەوانەی هاتوونەتە نێو ئەم زیندانەدا ، لەم ساتەشدا من دڵنیام لەوەی رقم لێ هەڵناگری وەكو ئەوەی لەو كەسانە هەتە كە ئەوانن هۆكاری تیاچوونتن و تۆخۆشت باش دەیناسی ، ئێستا دەزانی هاتووم چیت پێ رابگەیەنم ، ماڵئاوا . هەوڵ بدە بەرگە بگری بە خۆبەدەستەوەدان . ئینجا پیاوەكە دایە پرمەی گریان‌و وەدەركەوت ، سوكرات وەڵامی دایەوە : "تۆش ماڵئاواییم لێ قبووڵ دەكەی ، ئەوەی پێت گوتم وادەكەم" .

دوای ئەوە ئاوڕێكی لە ئێمە دایەوە گوتی ، سەیر كەن ، چ مێر خاسییەك لەم پیاوەدا هەیە ،لەوەتەی مانەوەم لێرە زۆر دەهات بمبینێ وقسەی لەگەڵ دەكردم،باشترین پیاو بوو ئێستاش بە سۆزێكی دڵفراوانەوە بۆم دەگری .دەی كریتۆن با فەرمانەكە بە رەزایەكی باشەوە جێبەجێ بكەین و زەهرەكەم بۆ بێنن ئەگەر ئامادەیان كردبێت. كریتۆن گوتی، سوكرات وا بزانم هێشتا تیشكەكانی خۆر بریسكەی دێت بەسەر شاخەكانەوە وهێشتا ئاوا نەبووە، لەلایەكی ترەوە من دەزانم زۆر كەس دوای فەرمانەكەی زەهرەكە وەرناگرن لەساتێكی خۆیان دەخۆن و دەخۆنەوە هەندێكیان سۆزو خۆشەویستیەكەش ڕادەبوێرن ، بۆیە پەلەی لێمەكە هێشتا كاتێكی زۆر بەدەستەوە ماوە ،سوكرات وەڵامی دایەوە: "ئەوانەی ئەم ئیشانە دەكەن تۆ باست لێوە كرد كریتۆن ،ئەوان هۆكاری خۆیان هەیە،وای بۆ دەچن كەبەوە،شتێك قازانج دەكەن من كەوەك ئەوان ناكەم ،هەڵبەتە هۆكاری خۆم هەیە ،لەبەر ئەوەی تاكە شتێك لە خۆگیر كردن و درەنگ هێشتنەوەی خواردنەوە وەكو قازانج دەستم بكەوێ ،ئەوەیە ببمە مایەی گاڵتە پێكردنی خۆم و بەبەر چاوی خۆمەوە ،كاتێ ژیانم تا ئەو ڕاددەیە خۆش بوێ و توند دەستی پێوە بگرم كەچی ژیان خۆی هیچی نەمابێتەوە .كەواتە ئازیزم كریتۆن ئەوە بكە من پێت دەڵێم و چی تر ئازام مەدە" .لەم قسانەدا كریتۆن بەسەری ئاماژەیەكی بۆ ئەو خزمەتكارەكە كرد كە لەنزیكەوە بوو .ئەوە بوو چووە دەرەوەو هێندەی نەبرد هاتەوەو ئەوەی لە گەڵدا بوو زەهرەكە دادانێت، كە

وەکو تۆزێك لەناو پەرداخێکدا هەڵی گرتبو ،کاتێ سوکرات بینی گوتی : باشە برادەر،پێویستە چی بکەم ؟ تکات لێدەکەم فێرم بکە .پیاوەکە گوتی هیچ مەکە بێجگە لە هاتوچۆ کردن دوای ئەوەی زەهرەکە دەخۆیتەوە ،هەتاوەکو هەست بە گرانابیەك دەکەیت لە قاچەکانتا ئەوسا لەسەر جێگاکەی خۆت رادەکشێی ، ئەوەیە زەهرەکە بەرە بەرە کار خۆی دەکات .ئینجا پەرداخەکەی دایە دەستی وسوکراتیش بە تەواوی پاکێتی ئەشیکراتی لێوەرگرت،نەشڵەژاو نەرەنگی هەڵبزرکا. بەروانینێکی جێگیرو دڵنیا سەیری پیاوەکەی کرد وەکو چۆن پێشانیش وابوو.پێم بڵێ بۆم هەیە تۆزێك لەم خواردنەوەیە برێژم وەکو پێشکەشێك بۆخوداوەند؟ پیاوەکە وەڵامی دایەوە:"سوکرات ئێمە هەر ئەوەندە دەهاڕین بەشی خواردنەوەکە بکات"


سوقرات

سوکرات گوتی: "تێگەیشتم بەڵام خۆ دەبێت لانیکەم یاسا رێگا بە مرۆڤ بدات نوێژو دالەڤە بۆ خوداوەند بکات تاوەکو سەفەرەکەمان پیرۆزو کامەران بێ، من ئەوەی لێداوا دەکەم، بەڵکو بەدەنگەوەی نزاکانمەوە بێت!" دوای کە ئەمەی گوت ،پەرداخەکە بۆ لێوەکانی خۆی برد و بەشێنەیی‌و شکۆیەکی جوان خواردییەوە .ئێمە هەتا ئەو کاتە هەموو هێزێکیمان دابووە بەر خۆمان رێگا لە فرمێسکەکانمان بگرین؟ بەڵام کەبینیمان پەرداخەکە بۆ دەمی بەرز دەکاتەوە ،دوای ئەوەی کە خواردییەوە دەسەڵاتمان بەسەر فرمێسکەکانماندا نەما، سەرەڕای هەموو دان بەخۆدا گرتنێکم فرمێسکەکانم بە خوڕ دەهاتنە خوارەوە ،ناچار بووم بەهۆیەوە بە پاڵتۆکەم خۆم داپۆشم وبۆخۆم بگریم ، لەبەر ئەوەی من بۆ بەدبەختی سوکرات نەدەگریام ، بەڵکو بۆ بەدبەختی‌و کۆستی خۆم بوو، کە ئەم هاوڕێ ئازیزەم لەدەست چوو، کریتۆن بەر لەمن نەیتوانی فرمێسکەکانی راگرێ‌و لەوێ نەما ،ئەپۆللۆدۆریش کە لە گریان نەدەکەوت دەستی بەهاوار کرد، شین و شەپۆرو هەناسەکانی دڵی هەموو ئامادەبوانی هێنایە خورپە بێجگە لە سوکرات. ئەوە چی دەکەن ئەی برادەرە باشەکان ! ئەوە نەبو ژنەکان لێرە وەدەر نران تاوەکو ئەو دیمەنانە ڕوو نەدەن، لە پیاوان نەوەشێتەوەمن هەمیشە لەخەڵکم بیستووە دەڵێن: "پێویستە مرۆڤ لەگەڵ ووشەی باش و قسەی خۆش گیان بەدەستەوە بدات"دەی تۆزێ پشوو بدەن و خۆ ڕاگری بنوێنن شەرمەزاری دایگرتین کە ئەم ووشانەمان گوێ لێ بوو فرمێسکەکانمان شاردەوە لە میانی ئەوەدا سوکرات بە پانایی ژوورەکەدا هاتووچۆی دەکرد ،ئینجا وتی کەهەست دەکات قاچەکانی قورسدەبن، ئەوەبو لەسەر پشت ڕاکشا چۆن پیاوەکە رایسپاردبو، لەهەمان کاتدا، ئەو پیاوە لێی نزیك بۆوەو کەزەهرەکەی دابوویە، سەیری هەردوو پێ وقاچەکانی کرد، پێەکانی توند گوشی ولێی پرسی هەستی پێ دەکات؟سوکرات وەڵامی دایەوە نەخێر ،دواتر پاڵەپەستۆی خستە سەر قاچەکانی، دوای ئەوەی دەستەکانی بۆ سەروتر گواستەوە پێ پیشانداین کە گیانی پەیتا پەیتا ساردو ڕەق دەبێت بەردەوام بوو لە دەست لێدانی. پێی گوتین: کاتی ساردی دەگاتە دڵ سوکرات نامێنێ و بەجێمان دێڵێ. خواروی سکی ڕەق ببو ئەو کاتە خۆی دەرخست لەبەر ئەوەی داپۆشرابوو،گوتی ئەمە دوا ووشەکانی بوولەسەرمان ئەوەیە کەڵەشێرێك پێشکەشی ئەسکولاپ بکەین کریتۆن! بیرت نەچێ ئەم قەرزە بەجێ بگەیەنی کریتۆن وەڵامی دایەوە وادەکەم شتێکی ترت هەیە پێمای ڕاسپێری. هیچ وەڵامی نەبوو دوای کەمێك بەتوندی ڕاهەژا .پیاوەکە پۆشاکەکەی لەسەر لابرد ،چاوەکانی کراوە بوون کە کریتۆن ئەمەی بینی دەمو چاوەکانی بۆ داخست .ئەوەبوو چۆن سوکرات بەناوەمەرگ و نەمری‌دا ڕۆچوو ،دوای کە حوکمەکەی جێبەجێ کرا ،ئەسینییەکان هەستیان بەتاوانەکەی خۆیان کرد،برادەرانی سوکرات

گەڕانەوە ، ئەوانەی بەر لەو خۆيان شاردبۆوە .دەستيان كرد بە دووبارە كردنەوەی قسەو فەرمايشت و لێدوانەكانی، چ بەقسەو گفتوگۆ وچ بەنوسينەوە لەگەڵ داخ بارييەكی زۆر، بەپێی گێڕانەی ديۆجين لايرس ئەسينييەكان پرسەيەك ڕادەگەيەنن شوێنەكانی مەشق وڕاهێنانی زۆرانبازی



زەينەفۆن

وياريیەكانی وەرزشی دادەخەن، ئەنيتۆسيش بۆتاراوگە دەنێرن، ئەوەی (دانيشتوانی هيراكلی‌لەشارەكەی خۆيان دەريان كردبوو ڕێك لەڕۆژی گەيشتنی) فەرمانی كوشتنيان بۆ ميليتۆس دا بۆ نەمرڕاگرتنی سوكرات پەيكەرێكيان لە برۆنز بۆ كرد بە دەستی ليسيپۆس ، لەكۆتاييدا ناوی سوكرات بووبە سيمبولی حيكمەت و دانايی و ئەقل و چاكەمەندی كە ئەم بەهايانە قوربانی دڵخواز- ی ملهوڕيی و سەرشێتی و دڕدۆنگين . بەكورتی سوكرات يەكێكە لە كارەكتەرە ئەفسانەييەكانی مرۆڤايەتی هەرە پرشنگدار..

ئەم بابەتە وەرگێردراوە تەنها دووبەشە لە كتێبی:

سقراط: تاليف-أندرية كريستون

تعريب: د. بشارة صارجی

الطبعة الاولی بيروت ١٩٨٠